# فریو و خۆحەشاردان

## چیرۆک

عطا محمد

پرۆژەی
کتێبی
یانەی قەڵەم

# فریوو خۆحەشاردان

بابەت: چیرۆک

نووسەر: عەتا محەمەد

تایپ: نووسەر

نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد

8

سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر
سەرپەرشتیاری چاپ: ئامانج شارباژێری
تیراژ: 500 دانە
ژمارەی سپاردنی (60) ساڵی 2005ی وەزارەتی
رۆشنبیری پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم (1)

# بۆ یاسیا ی یالا …

## پێڕست


پێشەکی

فریو و خۆحەشاردان

ئاگر و خۆڵ

پەنهانییەکانی زیندوویێتی مەسیح

بکوژە نادیارەکە

ئەبەدیەت

ئازادکردنی جیهان

لەوێ...لە بێکۆتایی ئێوارەیەکدا

**برینێکی لە یاد کراو**

**کۆتاییەکی تر**

**شەوی کوژراوە نادیارەکە**

# پێشەکی

دەشـــێ هەڵکشـــان یـــاخود شـــۆڕبوونەوە بـــە تەمەنـــدا (هەرچەندە تا ئێستا دڵنیانیم لەوەی کام لەم دوو وشـەیە گونجاو ترە بۆ بەکارهێنان) هەستێکی سـەیر لەگەڵ خۆیـدا بهێنێت وەك ئەوەی زەمەن بۆ خۆی نهێنی بێت و ئێمەش بە تێپەڕبوونی تەمەن ئاشـکرای بکـەین ئەمـەش پێـی دەڵـێین (ئـەزموونی ژیـان) کـە ناچارمان دەکات هەستێن بـە روونکردنـەوە و نوسـینەوەی ئـەوەی دەرکمان پێکردووە. لەوانەیە ئەم کارەش بۆ تێگەشتن و ئـەزموون وەرگــرتن نــەبێت ئەوەنــدەی تۆمــارکردنی رابــووردوو بێــت بــۆ خۆمـان,ئـەو رابـووردووەی لـە ئێسـتادا بـەجۆرێکی تـر سـەیری

دەکـەین,چـونکە ئێمـە دەمانـەوێت لـەو پـەڕی ئاڵۆزیشـدا جـۆرە تیوارییـەك بـە خۆمـان بـدەین .هـەر بۆیـە نووسـینەوەی یاداشـت دەکەوێتە تەمەنێکی درەنگەوە و ڕێناکـەوێت لـە سـەرەتای دەسـت کردن بە نووسین,کە لە تەمەنێکی کەمدا دەست پێدەکات,یاداشت بنووسـرێتەوە (ئەمـە وەك یاسـایەکی لێهـاتووە بـەوەی پیرەکـان دەتـوانن لـەبارەی ژیانـەوە بدۆێن)ئەمـەش مانایـەکی شـاردراوە لـە خۆدەگرێت کـە ئـەویش ئەمەیـە :ئایـا مرۆڤ لـە ئـەزموونوە دێت و دەکرێـت بـە کـوڕی ئـەزموون دابنرێـت و نوسـینیش دەبێتـە تۆمارکـەری ئـەو ئەزموونانـەی ژیـان یـاخود دەکـرێ چـی بـەو نووسـینانەی تـر بووترێـت کـە لـە دەرەوەی ئـەم بۆچـوونەدان؟ دەکرێـت لێـرەدا پرسـیارێك بکـەین (راسـتترە بـەناوی خۆمـەوە قسەبکەم و بڵێم:بکەم) ئەویش ئەوەیە: مەرجە یاداشت و بەشێکی زۆری نوسین لەو شتە زانراوانەوە بێت کە دەیزانین یاخود تێیداو لەگەڵیدا دەژین؟

مـن نامـەوێت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەمـەوە چـونکە مەبەسـتێکی تـرم لـە نوسـینی ئـەو چـەند دێـرە ئـاڵۆزەی سـەرەوە هەبوو ئەویش دۆزینەوەی پاسـاوە بۆ نوسـینی ئـەم پێشـەکیە کـە جیاوازە لە هەموو ئەو پێشەکیانەی نووسیوومن,بەوەی دەمـەوێ باس لەو چیرۆکانە بکەم کە دەبوایە لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا بوونایـە کە نەمنووسین و لە جێگایان ئەم چیرۆکانە نووسران کـە دەتـوانی لـە پێڕستی ئەم کتێبـەدا بیانخوێنیتـەوە کـە هیـوادارم بـێ هەڵـەی چاپ بڵاوببنەوە.

هەر بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم قسە لەو چیرۆکە نەنووسراوانە بکەم کە دەبوو لێرەدا بوونایە و بۆ هەتا هەتایە لە بیر خۆمیان دەبەمەوە , دوای ئەوەی لێرەدا باسیان دەکەم وەك ئەوەی نوسین بۆ لەیاد کردن بێت.لەوانەیە خوێنەر هەست بەبوونی فێڵێك بکات کە لێی دەکەم. بەلاّم من دەمەوێت قسە لە شتێك بکەم کە روویننەداوە ,لە چیرۆکگەلێك کە نەنووسراون و بۆ خۆشم وەك نەزانراو وان .هەرچەندە ئێمە رۆژانە لە بارەی شتی نەزانراوەوە دەدوێین هەر چۆن لە رێگای ئایینەوە دەگەرێینەوە سەر جیهانە تەژم و نەبینراوەکانی رۆح و جیهانی دووهەم یاخود ئەو دونیا...تەنانەت لەرێگای ئەو زانستانەشەوە کە لەسەر گریمانە وەستاون.

پێم وایە تا ئێرە بەسە بۆئەوەی خوێنەر وێنەیەکی لادرووست ببێت لەسەر نهێنی نووسینی ئەم پێشەکییە, پاشان ئەم قسانەشم بۆ رازی کردنی خوێنەر نییە ئەوەندەی هەوڵی روونکردنەوەی یاخود ئاشکراکردنی شتێك دەدەم کە روویندەدا ئەگەرچی روودانیشی دوورنەبوو,پاشان دەمتوانی بێئەو قسانەش پێشەکیەکەم بنوسم.

بەکورتی دەبیٚ ئەوە بڵێم کە (10) چیرۆکم دانابوو وەك پرۆژەی نووسین کە لەو دەفتەرە بەرگ شینە بچووکەمدایە و باوەڕ ناکەم هەرگیز ببینرێت,ئەگەر بینراش ئەوا لێی تێناگەن چونکە من بە هێما و ئاماژەیەك نووسیومن کە تەنها خۆم کلیلی خوێندنەوەیم لایە و ناچێتەوە سەر هیچ ئەبجەدییەکی

زانـراو,ئەمـەش لـە بێزاریمەوەیـە لـەو حاڵەتـەی کە دوای مـردن کۆمەڵێك پرۆژەی نوسینم ببینرێت کە هێشتا نەنوسراون.پاشان ئەوانە تا نەنوسرێن مەحاڵە بتوانم بڵێم چۆن دەبوون, وەك ئێستا هەر چۆن هەمان کێشە لەگەڵ ئەم (10)چیرۆکەدا روودەدات بەوەی شتێکیان لە بارەوە دەڵێم کە ویستوومە ئاوا بیاننوسم بەڵام مەرج نیـە لـەکاتی نوسـینیدا وا دەرچـوونایە کـە ئێسـتا نـازانم چـۆن دەبوون یاخود ناونیشانی هەندێکیشیان نازانم.

چیرۆکەکان ئاوابوون:

قەدەر لە پشت زۆر کارمەوەیە بەڵام دەمویست چیرۆکێکی تایبـەت لـە بـارەی (چـاکە)وەبنوسـم ئـەوە بـوو چـیرۆکی (گونـاه) هەوڵدانێك دەبوو بۆی, بەڵام هەستم دەکرد کە دەبوو نەنووسرێت و ناشمەوێت هیچی لەبارەوە بڵێم.دەکرا چیرۆکی (وشە و ئاوێنـە) چیرۆکێکی سەیر دەرچوایە ئەگەر بنوسرایەتەوە بەوەی باسی لە پیاوێـك دەکـرد کـە هـەموو ژیـانی خـۆی لـە نووسـینی نامەیەکـدا بەسەر دەبات کـە بـۆی نانووسـرێت.ئـەم چیرۆکە کـارکردن دەبـوو لەسەر خوازەو رەوانبێژی و ... بـەراورد کـردن لـە نێـوان نوسـینی کۆن و نوێدا.

بـەڵام چـیرۆکی (پـایزی بوونـەوەرێکی تـەنیا ) باسـی لـە کەسـێك دەکـرد کــە خــەیاڵی نامێنێـت .لــە راسـتیدا چـیرۆکی (نیوەکـەی تـر) باسـی لـە ونبـوونی چـەند لاپەڕەیـەکی چیرۆکێك دەکرد لەلای بەرپرسی گۆڤارێك , ناچار بەرپرسـەکە هەڵدەستێت بـە نوسـینەوەی نیـوە ون بووەکـە کـە چـیرۆکێکی جیـاواز لـەوەی

یەکەم دەردەچێت. ئەم چیرۆکەش لە پشت چیرۆکی (ئاگر و خۆڵ ) ەوەیە کە لەم کتێبەدایە.

دەمویست چیرۆکێك بنووسم کە گەڕابێتەوە سەر بۆچوونی مارکس سەبارەت بە (نامۆبوون). لە راستیدا ئەو چیرۆکە دژ بە بۆچوونی مارکس کاری دەکرد.چیرۆکەکەش باسی لە ژنێك دەکرد کە لە ساتێکدا هەست دەکات لەشی هی خۆی نییە یاخود لەشی خۆی لیٚ وون بووە بەلاّم ئەگەر ئەو چیرۆکەشم بنووسیایەتەوە ئەوا دڵنیام نەمدەتوانی ناونیشانێکی بۆ دابنێم.

دەشیٚ بەسەرهاتی زیندانە سامناکەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی بەعس یاخود ورد تر ئەو بۆچوونەی بەعس هەر لە سەرەتایەوە بەرامبەر زیندان هەیبووە,لەپشت چیرۆکی (بەشێك لە گێڕانەوەیەکی بێکۆتا) وە وەستابێت کە باسی لە زیندانیەك دەکرد کە لە کاتی تەواوکردنی ماوەی زیندانییەکەی (ئەمەش بۆخۆی وەك موعجیزە سەیردەکرا) ناوی دەخوێنرێتەوە تا ئازاد بکرێت. رووداوی چیرۆکەکە لەو ماوەیەدایە کە زیندانیەکە هەڵدەستێت بەرەو دەرگاکە بڕوات , ئەو چەند مەترەی لە نێوان زیندانیەکە و دەرگاکەدایە دەبێتە رێگایەکی بێکۆتایی و لەو بێکۆتابوونەشدا زیندانیەکە بەسەرهاتی تۆقێنەری خۆی دەگێڕێەوە بەلاّم کە دەگاتە دەرگاکە ئەوکاتە ئاشکرا دەبێت کە دەمێکە مردووە.لێرەدا هیچ لەبارەی سزاوە نادوێم چونکە ئەگەر ئەو چیرۆکە بنووسرایەتەوە ئەوا بێگومانم کە شتی زۆر سەیری تیا دەگێڕایەوە(لەوانەیە بەناو و بەرواریشەوە بوایە).

لـەو کۆمەڵەیـەدا چـیرۆکێك هـەبوو کـە پـێم وایـە جیـاوازی لەگـەڵ ئـەوەی پێشـوو کۆیـان دەکاتـەوە ,چـیرۆکەکەش باسـی لـە تێکچوونی ئـەو سیستەمە دەکرد لـە ژیـانی سـەربازێکدا کـە پێـی راهـاتووین, ئـەویش خـەو و بـە ئاگاییـە کـە سـەربازەکە ناچـار دەکرێت شـەوان بـە ئاگابێت و بە رۆژ بنوێت .ئەمـەش وا دەکات دواتـر سیسـتەمی ئاسایی شـەو و رۆژی سـەربازەکە تێکبچێت و تووشـی چـەند کێشـەو رووداوێکـی بکـات کـە لێرەدا نامـەوێت لـە کۆتـــایی رووداوی چـــیرۆکەکە بـــدوێم کـــە ژیـــانی سـەربازەکەیە.تەنانـەت ناونیشـانی چیرۆکەکەش نـاهێنم چـونکە دڵنیـام ئـەو ناونیشـانە بـۆ چـیرۆکێکی تـر بـەکار دەهێـنم کـە لـەم کتێبەدایە.

ئەگـەر ئـەو کۆمەڵـە چیرۆکە بنووسـرایەتەوە ئـەوا چیرۆکی (برینی کوێر) واقعی ترینیان دەبـوو , بەوەی خوێنـەری زیـاتری دەبـوو لـەوانی تـر. چـیرۆکەکەش باسـی لـە شـەڕی نـاوخۆ دەکرد(حەزناکەم بە دیاری کراوی نـاوی ئـەو جێگایـە بهێنم بـەڵام خوێنـەر دەزانێـت کـە مەبەسـتم لـە شـەڕە ناوخۆکـانی ئـەفریقا و ئەمریکای لاتین نیە) لەو شـەڕەدا لاشـەی برینـدارێك دەدۆزرێتـەوە کـە کـەس نازانێت کێیـە و سـەر بـە چ بەرەیـەکی شـەڕەکەیە.پـاش چـەند جارێـك هێنـان و بردنـی تەرمەکـە لـە نێـوان هـەردوو بـەرە شـــەڕکەرەکەدا کەســیان ئامادەنیـــە تـــەرمی ئـــەو نەناســـراوە وەرگرێـت(لـە راسـتیدا شـتی وا مەحاڵـە بـەوەی جێگایـەك دەبێـت خۆمـان لـە بـۆنی کوژراوەکـان بپـارێزین و تەرمـەکانیان هـەر بـە

نەناسراوی بنێژین) . پێم وایە کۆتایی چیرۆکەکە دەزانن چی دەبێت بەڵام حەز دەکەم خۆم باسی بکەم ئەویش ئەوەیە کە رۆژ بەرۆژ برینی جەستەی کوژراوەکە گەورە دەبێت تا هەموو شتێك بە بەرەی شەڕ و چەکدار و گرد و پێدەشت و خانوو و پارە و شەقامەکانیشەوە هەڵدەلوشێت.

نۆیەمین چیرۆك سەبارەت بە لەسێدارەدانی زیندانیەك دەبوو کە بە هۆی خوێندنەوەی نوسینی سەر دیواری زیندانەکەوە کە لە لایەن زیندانییەکی پێش خۆیەوە نوسراوە و بەسەر هاتی خۆی نوسیوەتەوە ئەم دەگاتە سێدارە,بەوەی دوای نوسینی ئەو زیندانیە دەکەوێت و ناچار دەبێت دانپیانانەکەی بگۆڕێت تا بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە زیندانیەکەی پێشوی بۆ گواستراوەتەوە تا چیرۆکی ژیانی زیندانیەکە تەواو بکات.کاتێك لە دوا شوێندا دەوەستێت کە بەردەم سێدارەیە بە چێژەوە بیر لە بەسەرهاتی زیندانییەکەی پێشوو دەکاتەوە کە دەبێتە بەسەرهاتی خۆی بە هەموو ئازارێکیەوە.

دەبێ جارێکی تر ئەوە بڵێم کە ئەگەر ئەو کۆمەڵە چیرۆکە بنوسرایەتەوە ئەوا لەوە دەچوو ئەم چیرۆکە کە ناوی (لەودیوو تاریکیەوە)یە لەو کتێبەدا نەبوایە و چیرۆکێکی تر جێگای بگرتایەتەوە بە ناوی (جیهان وەك خۆی) چونکە هەست دەکەم زیاد لە پێویست دڵڕەقی تێدایە . چیرۆکەکە باسی لەو رووداوە سێکسیانە دەکرد کە لە ژووری نەشتەرگەری لەگەڵ ئافرەتە بەنج

کراوەکاندا دەکرێت کە زۆر جار ژیانیانی دەخستە مەترسییەوە بەوەی کچێنیان لە دەست دەدا یاخود سکیان پڕ دەکرا.

ئەوەی ماوە سەبارەت بە چیرۆکەکان بیڵێم ئەوەیە کە من تەنها لە لایەنێکیان دوام و شێوازی گێڕانەوەیانم بۆ باس نەکرا کە هێندەی ئەوەی وتوومە گرنگە.

دوای ئەو روونکردنەوانەی سەرەوە لەوانەیە هەندێك خوێنەر وای بۆبچن کە ئەگەر ئەو چیرۆکانە بنوسرانایەتەوە ئەوا ناوی(فریو و خۆحەشاردان)یان هەڵنەدەگرت,وەلاَمێکیش کە بتوانم بۆ ئەو جۆرە بۆچوونەی بدەمەوە ئەوەیە کە وای بۆدەچم ئەو خوێنەرەی بۆچوونی وای لادروست ببێت ئەوا بێگومان لەو کەسانەیە کە دەتوانێت چێژی ئەم کارانە (بە نووسراو و نە نووسراوەکانیشییەوە) بکات و لەو یاریە تێبگات کە من بۆ خۆشم لە ئێستادا یاساکانیم بۆ ئاشکرا ناکرێت, چونکە ئەو کۆمەڵە چیرۆکە ناونیشانی (جیهان وەك خۆی)هەڵدەگرێت و پێش ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بلاَودەکرایەوە.

دوا شت بیڵێم ئەوەیە کە لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا هەستم کرد  من بەکارێکی پێچەوانە هەستاوم لەوەی بۆی دەچووم چونکە من بە کاری نووسینێك هەڵنەستام لەبارەی نەزانراو یاخود روونەدراوەوە بێت کە ئەو چیرۆکانەن ئەوەندەی خۆم لەم کۆمەڵە چیرۆکەی بەر دەستت دزییەوە  کە نامەوێت هیچ لە بارەیانەوە بڵێم تا وەك نەزانراو بمێننەوە.

تركيا 2001

*             *             *

# فریو و خۆحەشاردان

یەکێك لەو شتە سەیرانەی جارێك بیرم لە نوسینی کردەوە ,وتارێك بوو سەبارەت بە فریودان کە لە کاتی خۆیدا و دوای بلاوبوونەوەی هەر وەك زۆر نووسینی تر لە بیرچووەوە و بەبێدەنگی تێپەڕی بە جیاوازی ئەوەی چەند برادەرێکی کەم خوێندیانەوە و بۆ جارێك یاخود زیاتر بووە مایەی گفتووگۆمان و ئیتر کەس نەگەڕایەوە سەری.کە دەڵێم( بە جیاوازی) مەبەستم لەوەیە کە لەو رۆژگارەدا جۆرێك لە لەبیربردنەوە یاخود نەخوێندنەوە ئامادەیی هەبوو کە وایدەکرد زۆرێك لەو وتارانەی

دەنوسران بە هێمنی تێبپەڕن بێئەوەی بخوێنرێنەوە وەك ئەوەی ئەو سەردەمە تەنها سەردەمی نووسین بووبێت بەدەر لە خوێندنەوە.

ئەوەی لەو نووسینەدا هەوڵمدا بوو قسەی لەبارەوە بکەم,وەك دێتەوەیادم,بە دوای ئەوەدا نەگەڕابووم فریو چییە یاخود لە دیدێکی ئەخلاقییەوە سەیری بکەم چونکە پێموایە لە بنچینەدا ژیان خۆی بریتیە لە فریودان و مێژووش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت.لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە فریو بە مانایەکی خراپ بەکار ناهێنم ئەگەرچی وشەکە وادەگەیەنێت .بەڵام من دەموویست ئەو وشەیە مامەڵەیەکی میتافیزیکی لەگەڵدا بکەم تا لە مانا سادەکەی دەرچێت و قوڵییەك لە ئاستێکی تردا وەرگرێت.وەك بێتەوە یادم یەکێك لەو فریودانە گرنگانەی باسم لێوەکردبوو خواردنی سێوەکەیە لەلایەن ئادەمەوە دوای ئەوەی حەوا فریوی دەدات و ئەمیش لەلایەن ئیبلیسەوە کە لە شێوەی ماردا بەدەردەکەوێت فریودراوە(دەکرێ لێرەدا کاری حەوا وا ببینین کە غافڵنەبووە و پلانێك لە پشتییەوە نەبووە) ئەوەی لێرەدا بەلامەوە جێگای بایەخ بوو, ئەوەبوو کەسەراپای مێژو یاخود دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فریودانەی لە خواردنی سێوێکەوە دەست پێدەکات کە هەندێ لە کتێبەکان بە (درەختی مەعریفە)ناوی دەبەن .بەڵام ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە ئەوەیە کە ناکرێت خودای شارەزا و ئاگادار لە هەموو شتێك پێشتر ئەم رووداوە لە ئەندێشە یاخود زەینیدا نەبووبێت, ئەو درەختەش دروست کرا تا گەمەی فریودانەکە کامڵ بێت و لەوێوە گەشتی

مرۆڤ بە ئازار و مێژودا دەست پێبکات. لە بەرامبەر ئەم فریوەدا فریوێکی ترم باسکردبوو کە بەپێچەوانە یاخود دژی ئەو حاڵەتەی یەکەم بوو کە ژیان لێیەوە دەستی پێکرد ,ئەویش لە چیرۆکی (لخلاص الرهیب)ی جاك لندن دا بینیومەتەوە کە کابرای دیل بە کارێکی فریودەرانە هەڵدەستێت تا زووتر بگاتە مردن و ئەو ئازارە نەچێژێت کە هاورێ دیلەکەی لە کاتی ئەشکەنجەدا و بە بەرچاوی ئەمەوە دەیچێژێت.فریودانەکەشی وا دەبێت کە وا لەو سەرۆك خێڵە دەکات کە ئەمانی لا دیلن, باوەڕبهێنێت بەوەی ئەم لە توانایدایە دەرمانێك دروست بکات کە دوای ئەوەی لەشی پێ چەور دەکات,شمشێر ناتوانێت بیبڕێت.دوای دروست کردنی دەرمانەکە لە گژوگیا ,بۆ ئەوەی باوەڕی تەواو لای سەرۆك خێڵەکە دروست بکات کە رازی نابێت لەسەری تاقی بکاتەوە ,دەیدا لە ملی خۆی و سەری دەخاتە سەر ئەو پارچە دارەی بۆ سەر پەڕاندن دانراوە و داوا دەکات شمشێر لە گەردنی بدەن. بەڵام کاتێك جەللادەکە شمشێرەکەی دادەهێنێتەوە کە لەو باوەڕەدایە ملی دیلەکە نابڕێت ,دەبینێت سەری دیلەکە دەپەڕێت و خوێن فوارە دەکات .بەم فریودانەشی توانی زووتر بگاتە مردن بێئەوەی بەو ئازارە سامناکەدا تێبپەڕێت کە هاوڕێکەی چەشتی.

دەکرێ لە زۆر چیرۆك و ئەفسانەو حیکایەتدا بە دوای ئەم فریودانەدا بگەڕێین و لەو نوسینەدا باسی زۆری ترم کردبوو وەك لای مۆپاسان و تەنانەت بە قوربانی کردنی ئیسماعیل لە لایەن ئیبراهیمەوە کە لە شێوەی تاقیکردنەوەدا باس دەکرێت و دواجار مەڕێك دەخرێتە جێگای یاخود لای ئەو پیاوەی ویستی فریو لە

ڕەگەزی خۆی بکات و بە دووباڵی مۆمەوە دەریا ببڕێت و لەبەر توانەوەی مۆمەکە بە گەرمی خۆر نەیتوانی. بەلأم یەکێك لەو شتە سەیرانەی مرۆڤ بەردەوام بە چێژێکی زۆرەوە لەو گەمەی فریودانەدا خۆی دەهێڵێتەوە(پارە)یە کە ڕێکەوتنێکی شاراوە هەیە و هەموو کۆکن لەسەری ,ئەگینا هەر کەسێك دەزانێ وێڵێکی بیابان یاخود زیندانیەك ئەگەر چەندین بار پارەو تەنانەت زێڕیشی پێبێت ئەوا لە مەترسی برسێتی ڕزگاری نابێت لە کاتێکدا دەتوانرێت بەو کاغەزانە هەموو شتێك بکڕدرێت(جگە لە ژیان).بەهەر حاڵ ئەمە کورتەی ئەو نووسین و بیرکردنەوەیەم بوو کە دەموویست بەدوای دۆزینەوەی ئەو فریودانانەدا بگەڕێم کە لە بنچینەدا مرۆڤ بە هەموو بوونیەوە لە سەری وەستاوە وەك لەو چاوەڕوانیە کوشندەیەدا دەیبینین کە بۆ (ڕزگارکەر) هەیە, لەکاتێکدا جۆگەلەی ئەو خوێنە لە یاد دەکات کە لەڕزگارکەرەوە سەرچاوە دەگرێت.

دەشێ ئەو کاتە بەم ڕوونیە ئەو وتارەم نەنووسیبێت و هەندێك را لە وێدا بە جۆرێکی تر خرابنە ڕوو چونکە من دوای ساڵانێکی زۆر ڕێکەوتی دانیشتنێکم کرد کە ناچاری کردم جارێکی تر بگەڕێمەوە سەر ئەو نووسینەم .ئەوەبوو دوای ساڵانێکی زۆر لە دوور کەوتنەوەم لە سلیمانی ,جارێکی تر ئارەزوی سەفەرێکم دەکرد تا زۆرێك لەو هاوڕێیانەم ببینمەوە کە هێشتا مردن دەستی پێیان نەگەشتووە, ئەوانەش تەنها هاوڕێی منداڵی و هاوتەمەنی خۆم نەبوون هەر بۆیە پیرێتی لێی دیاری دابوون.

کاتێك گەشتمەوە سلێمانی و پاش پشوویەکی کەم بەرەو ئەو شوێنە چووم کە جێگای دانیشتنی ئەو کاتەمان بوو کە هێشتا بە حەماسەوە قسەمان دەکرد و لەوە ناسراو ترە بە وردی باسی بکەم ئەویش (چایخانەی گەل)بوو کە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتبوو .دوای ئەوەی بینیمنەوە هەستم کرد هەروەك ئەوسا لە دانیشتنەکانی عەسران بەردەوامن, بە جیاوازی ئەوەی لە تەمەنێکی تردان کە بەرەو پیری چوونە..هەندێکیان ماوەیەکی ویست تا ناسیمیانەوە, ئەمەشم تەنها بۆ کاری تەمەن گێڕایەوە کە لەگەڵ خۆیدا لەبیرچوونەوە دەهێنێت.هەوڵمدا ئاسایی سەیری ئەو لەبیر چوونەوەیەیان بکەم کە دەشێت زۆرجار رێکەوتی بکەین چونکە ئەوانەی گەشتوونەتە ئەم قۆناغە لە تەمەن دەزانن لەبیرچوونەوە لەگەڵیدا دەست پێدەکات و بەلایەنی کەمەوە هەست دەکەن شتیان لەبیر دەچێتەوە وەك ناوی خەڵك و شوێن یاخود لاپەڕەی ئەو کتێبەی لە خوێندنەوەدا گەیشتبوونێ و دانانی شتێك کە دواتر ناچنەوە سەر شوێنەکەی , تەنانەت لە دەرگادانی ماڵی دراوسێ بە هەڵە و زۆر شتی تر کە هەر یەکەو خۆی باشتر دەزانێ (ئەگەر ئەم قسەیە بێمانا و گاڵتەجاڕیانە نەبێت) بەڵام ئەوەی لەمانە گرنگترە و لەو دانیشتنەدا هەستم پێکرد ئەوەبوو کە هەریەکێك لەوانە کاتێك دەیویست بەسەرهاتێك یاخود ڕووداوێك بگێڕێتەوە ئەوا بە دەستەواژەیەك دەستی پێدەکرد ئەویش ئەوەبوو بە دەنگێکی هێمن دەیووت :ئەگەر ئەم بەسەرهاتەتان بیستبوو یاخود جارێکی تر بۆم گێڕابوونەوە حەزدەکەم پێمبڵێن و بموەستێنن.بەڵام زۆربەی گوێگرەکانیشی

کە وەك ئەمن لە راستیدا بیریان چۆتەوە کە ئەو بەسەرهاتەیان بیستووە یاخود نا , هەوڵئەدەن هانیبدەن تا بۆیان بگێڕێتەوە ئەویش دەپرسێت لە کوێدا بووم؟ ئەمانیش وەك ئەو بیریان چۆتەوە هەر بۆیە دەست بەگێڕانەوەی چیرۆکێکی تر دەکات کە ئەوە نەبووە یەکەمجار لە خەیاڵیدا بووە و ویستوویەتی بیگێڕێتەوە ..ئیتر بەم شێوەیە لە قسەکردن بەردەوام دەبن تا کاتی رۆشتن دێت و دانیشتنەکەیان تەواو دەبێت.

ئەوەی لەو دانیشتنەدا بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو کە هەندێك لەو هاوڕێ و گەنجانە دانیشتبوون کە هێشتا تووشی ئەم حاڵەتە نەبوون و بە چێژێکی زۆرەوە گوێیان لەم یارییەی یادەوەری پیرەکان دەگرت .

دوای ئەوەی لایان دانیشتم و لە هەواڵپرسین بووینەوە و چەند کەسێکی تریش لەوانە دانیشتن کە دەیانویست بمبینن . پاش ئەوەی زانیان ماوەی سەفەرەکەم کەمە ,یەکێك لەو هاوڕێیانە کە حەزناکەم ناوی کەسیان بهێنم, وتی:

–بەڕاست لە کوێدا بووم؟

یەکێکی تر وەك ئەوەی چاوەڕوانی ئەم پرسیارە بێت و لەگەڵیدا راهاتبێت , وتی:

–گەشتیتە ئەوەی کە هتنە شارەوە...

–ئا..راستە .. دوای ئەوە ئینگلیزەکان رژانە شارەوە و ئەوەی بەردەستیان کەوت تالآنیان کرد و ....

لەو کاتەدا ئەوەی لامەوە ,ئەگەرچی نەمدەناسی سەری لێم نزیك کردەوە و بە چپە وتی:

-ئەو پێشتر باسی حەرەس قەومیەکانی دەکرد,لەنێوان ئەو دوو رووداوەشدا نزیکەی پەنجا ساڵ هەیە..

منیش بەسەر سوڕمانەوە وتم:

-بەڵام ئەوی تر وا بیری خستەوە.

-ئەویش بیری چووبوەوە و نازانیٚ...

ئەگەرچی قسەی ئەو کوڕە گەنجەی تەنیشتم سەیر بوو بەڵام هەوڵمدا لە دانیشتنەکە نەپچڕێم و رووم بەرەو لایان وەرگێڕا.لە ناکاو یەکێکی تر لەو هاوڕێیانە سەیرێکی دانیشتوانی کرد و چاوی لەسەر یەکێکیان راگرت,پێیوت:

-ئەو رۆژە تۆ بوویت پرسیاری کەشتی نوحەکەی نەجمەدینی مەلات کرد..؟

ئەوی تریش کە دیاربوو نازانێت ئەم بووە یا نا وتی بەڵیٚ,لە گەڵیشیدا سەری بۆ راوەشاند,ئەوەی تریش بە پێکەنینەوە وتی :

-بەڕاست دەمویست باسی چی بکەم؟

ئەوانیش وەك چاوەڕوانی ئەو پرسیارەی لێبکەن وتیان باسی کەشتیەکەی نوح...ئەویش دەستی بەرز کردەوە و وتی:ئا.. خەریك بوو لە بیرم بچێت ...دوای ئەوەی چل شەو و چل رۆژ باران باری ..

ئیتر ئەوەندەی یادەوەری یارمەتی بدات هەندێك لەو رووداوەی گێڕایەوە بەڵام سەیر لەوەدا بوو دوای ماوەیەك لە قسە کردن گەشتنە ئەوەی باسی شکاندنەکەی شێخ مەحموود بکەن لە دەربەندی بازیاندا و یەکێك کە قسەی دەکرد بەشێوەیەك دەدوا کە

خۆی شێخ مەحموود بووە و وا ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە تا یەکێك بیری خستەوە کە ئەو شێخ مەحموود نیەو نەبووە ,ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: بەڕاست وایە خەریك بوو بیرم بچێت کە من لەو شەڕەدا بووم وبە خەستیش بریندار کراوم و پێم وایە چەند ڕۆژێکی کەم دوای ئەوە ژیام بەلاّم من شێخ مەحموود نیم...

هەرچەندم دەکرد دەموویست باوەڕ بە خۆم بهێنم کە ئەمە جگە لە گاڵتەیەکی خۆیان هیچی تر نیە چونکە ئەوەی قسەی دەکرد لە ڕاستیدا تەمەنی ئەوەی نەبوو کە لەو سەردەمەدا ژیابێت کە شێخ مەحموودی تیا شکا. بەلاّم تا کات درەنگ بوو و هەستاین زۆر شتی تری ئاوا درووست بوو لە قسەکانیاندا و منیش بە ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێم لێدەگرتن.

کاتێك هەستاین و ڕۆشتین بەدەم ڕێگاوە یەکێك لەو هاوڕێ کۆنانەم کە لە کاتی خۆیدا قسەی لەسەر وتارەکەم کرد , بە پێکەنینەوە وتی حاڵەتێکی سەیرە مرۆڤ بگاتە ئەو رادەیە ...

من بیرم لەوە دەکردەوە کە لەبەردەم گەمەیەکی نامۆدام لەگەڵ زەمەندا دەکرێت وەك ئەوەی لە پشت ئەو فریودانانەوە کە یادەوەری دەیکات خۆحەشاردانێکی سەیر هەبێت هەرچۆن ئیبلیس لە پشت گوناه و خراپەوە حەشار دراوە .ڕووم کردە هاوڕێکەم و بە نیازی جیابوونەوە وتم:

-لەو باوەڕەدانیت مێژوش ئاوا نوسرابێتەوە؟

بێئەوەی چاوەڕێی وەلاّمی بکەم دوور کەوتمەوە.

*     *     *

# ئاگر و خۆڵ

سەرەتا دەبێت دان بەوەدابنێم کە من نامەوێت چیرۆکێك بگێڕمەوە یاخود هەوڵیش نادەم ,هەر چۆن ڕۆژئاواییەکان و ئەوانی تریش کردوویانە(نامەوێت ئاماژە بە کەس بدەم چونکە پێدەچێت لیستی ناویان بەوەی وەك بێشوومار خۆی دەنوێنێت لە توانای مندا نەبێت .لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ناوی مۆپاسان دەهێنم نەك لەبەر ئەوەی خۆشەویست ترینیانە لەلام ,بەڵکو لەبەر ئەوەی پێم وایە گوناهترینیانە)یاخود لەسەر شێوەی حیکایەتە ڕۆژهەلاَتیەکان کە خوێنەر ئەگەرچی دەزانێت ئەفسانەیی و ئەندێشەیین بەلاَم وەك حەقیقەت سەیریان دەکات وەك ئەوەی لە زەمانێکدا ڕوویان دابێت.بەڵکو هەوڵی گێڕانەوەی ڕووداوێك دەدەم,ئەگەرچی ڕووداو ڕەگەزەکانی چیرۆك لە خۆیداحەشار دەدات بە مانا ئەرستۆییەکەی کەوا دەکات زۆر لە مێژونووسانیش ,ئەوانەی خەریکی نووسینەوەی رابردوون ,بە حیکایەتخوان ناوببرێن بەو پێیەی هەوڵی نووسینەوەی ڕووداوێك یاخود ژیاننامەی کەسێك دەدەن نەوەك ڕاڤە کردنی ئەوەی بووە.پێموایە خوێنەرو ئەوانەش کە گوێ لە خوێندنەوەی یەکێکی تر دەگرن (مەبەستم لە نابینا و نەخوێندەوارە)زیاتر ڕاستی ئەم قسەیە دەزانن بە تایبەت کاتێك دەگەڕێنەوە سەر ئەو کتێبانەی لەسەر ڕووخانی پاشایەتی و کوشتنی مەلیك دەرکراون لە مێژوی هاوچەرخی عێراقدا(ئەگەر ئەم قسەیە بۆ ئێستا گونجاو بێت).

مــن لــه ســـەرەتادا وتم دانبــەوەدا دەنــێم کــە هــەوڵئادەم چـیرۆکێك بگێڕمــەوە زیـاتر لەبـەر ئـەوە بـوو کـە کـەس پاڵـەوانی چیرۆکەکە نیە لە بۆچوونی خۆمدا, بۆ ئەوەی ئەم پاکانە کردنەش لاواز نەیەتـە بەرچـاو ئـەوا دەڵـێم ئـارەزووم وا بـوو ,بـەڵام ئەگـەر هاتوو نەمتوانی ئـەم رووداوە لـە دەرەوەی چیرۆك بگێڕمـەوە ئـەوا دەگەمـە ئـەو بـاوەڕەی کـە شتێك نیـە لـە دەرەوەی چیرۆك بێـت بـە کتێبی پیرۆز و تەنانەت شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی یـاخود شەرەفنامەی شـەرەفخانی بەدلیسیشـەوە ئەگەرچی جیاوازییـەکی دیاری هەیە لەگەڵ ((چیرۆکی گوێ ئاگردان))دا,خۆ ئەگەر توانیشم ئـەوا پـێش وەخـت داوای لێبـووردن لـە خوێنـەر دەکـەم بـەوەی بۆچوونێکی ترم دابوویەچونکە هەر یەکێکمان دەزانێت گەڕانـەوە بۆ رابووردوو یـاخود یادگاریـەکانمان چونەوە سـەر چیرۆکە وەك باسکردنی نەبەردیەکانی تەیموری لەنگ و دروست بوونی شاری سلێمانی یـاخود گێڕانـەوەی کوشـتنی بـاوکم,لێرەوەیـە زۆر جـار لەخۆم دەپرسم ژیان چەند ئاستەم دەبوو بەبێ چیرۆك وەك چۆن دەرباز بوون لە شوێن یاخود زەمەن نییە بەوەی لەناو خۆماندایـە و لـە پیربوونمانـدا دەیبیـنین.چیرۆکیش هـەر ئاوایـە یـاخود ژیـان بریتیە لە گێڕانەوەیەکی رەها...

رووداوەکە بەم جۆرە بوو:

لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویـندا کـە بازاڕ بەتـەواوەتی چۆڵ دەبێت ,دوور لە عادەتی خـۆم ئارەزوی پیسـەکردن رێـی دەبردمـە

شـــوێنی واوه کـــه نه‌مـــده‌زانی دواجـــار کـــه‌ی بـــووه پێیـــدا رۆشـــتووم.لـــه‌ناکاو که‌ســـێك کـــه بـــاوه‌ڕم و بـــوو نایناســـم لێمنزیکبـووه‌وه و به‌ڕێزێکه‌وه‌هـه‌روه‌ك لـه شـانۆگه‌ریه واقعیه‌کانـدا ده‌یبیـنین که‌وتـه قسـه کـردن له‌گه‌ڵمـدا دوای ئـه‌وه‌ی پرسـیاری لێکـردم کـه ئه‌گـه‌ر نابێتـه مایـه‌ی وه‌ڕسـیم ئـه‌وا ده‌یـه‌وێت کـه‌مێك له‌گه‌ڵمدا بێت. منیش دوای ئه‌وه‌ی که‌مێك له سیمای وردبوومـه‌وه که ده‌موچاوه باریك و بالاّ کورته‌که‌ی هیچی بـه‌یاد نه‌ده‌هێنامـه‌وه ,به خـۆمم وت تـا ئه‌وکاتـه‌ی نه‌یناسـم و ئـه‌و شـتێکی نادیـار بێـت ,بۆم نابێته کێشه .رازی بووم له‌که‌ڵمدا بڕوات.

له قسه‌ی ئه‌و نه‌ناسراوه‌وه که ناویم نـه‌زانی و نه‌شمویسـت بیزانم,تێگه‌شتم که ده‌یه‌وێت نهێنی چیرۆکێکم بزانێت منـیش بـه پێکه‌نینـه‌وه پێمـوت :ئه‌گـه‌ر نهێنیـه‌کان ئـاوا ئاشـکراکران ئـه‌وا چێژێك نامێنێت بۆی بـژین . تـۆ ده‌زانیـت جیـاوازی نێـوان ژیـان و مردن ئه‌وه‌یه که یه‌کـه‌میان خـوی پێـوه ده‌گـرین و له‌گه‌ڵیـدا گـه‌وره ده‌بین به‌لاّم مردن شتێکی چاوه‌ڕوان نه‌کراوه‌و لـه ناکـاو رووده‌دات ئه‌گه‌رچی دڵنیاشین له‌وه‌ی هه‌ر ده‌بێت رووبدات. دیاربوو ئـه‌و لای قسـه‌کانم نـه‌بوو ئه‌وه‌نـده‌ی مه‌به‌سـتی بـوو رسـته‌کانی بـه هه‌نـدێك وشـه بڕازێنێتـه‌وه کـه ناڕاسـته‌وخۆ ئاشـکرای بکـه‌ن ئـه‌و کێیـه ئه‌گه‌رچی له باشترین حاڵدا وه‌ك خوێنه‌رێك سـه‌یرم ده‌کرد نـه‌وه‌ك یـه‌کێك لـه‌و وتـار نووسـانه‌ی کـه ده‌تـوانن لـه یـه‌ك کاتـدا بـاس لـه

شۆڕشی 68 ی قوتابیان و دانانی هێڵی پەڕینەوە لە شەقامەکاندا بکەن.ئەو وتی:

-راستە بەڵام من دەمەوێت باس لەو نهێنیە بکەم کە لەپشت چیرۆکی (ئاگر)ەوەیە..

بوارم نەداو وتم:

-دەشێ تۆ بەهەڵەدا چووبیت چونکە من چیرۆکێکم نیە بەو ناوەوە..

ئەو کەمێك رووی گرژکرد و وتی:

-دەتوانم دڵنیاتبکەم کە لە کۆمەڵەچیرۆکی(زارەکانی خەون)دا حەوتەم چیرۆکیانە و لە پێشەکی کۆمەڵەکەشدا کە خوت پێوە گرتووە بینوسیت,بە سەریدا تێپەڕیویت و شتێکی وا لە بارەیەوە ناڵێیت..

من جۆرێك دڵنییایم لابوو بەوەی ئەم قسانە جۆرێك لە تێکەڵکردنی تێدایەو مەحاڵیشە چیرۆکێکی وا لەو کتێبەمدا هەبێت یاخود نوسیبێتم..هەربۆیە هەستم کرد بە کەسێکی ترم تێگەشتووە,ناچار تا هێمنی بکەمەوە پرسیم:

-تۆ بۆ پێتوایە من چیرۆکێکی وام هەیە و لەو کتێبەشدا بڵاوبووبێتەوە؟

-چونکە تۆ نەبیت کێ ئەو چیرۆکە ((دەنووسێتەوە))؟

به شێوەیەك قسەی دەکرد بواری گومانی نەدەهێشتەوە کە ئەو چیرۆکە من نەم نووسیبێت , وتی:

-ئەوەی دەمووویست بیڵێم و سەیرە ئەوەیە کە ئەو چیرۆکە وەك خۆی بەبێ جیاوازی لە وشەیەکدا لە شوێنێکی تر بڵاوبۆتەوەو تەنها ناونیشانەکەیان جیاوازە کە لە کتێبەکەی تردا ناونیشانی(خۆڵ)ە نەوەك ئاگر.دەبێت تۆ کۆمەڵە چیرۆکی ((یادەوەری و شتی تر))ت خوێندبێتەوە؟

بەساردییەوە وتم نەخێر کێ نووسیویەتی؟

-کە نەتخوێندۆتەوە گرنگ نیە بزانی کێ نووسیوویەتی بەڵام ئەوەندەی من بزانم هەردووکیان لە ماوەیەکدا بڵاوبوونەتەوە,ئیتر نازانم لە چەند شوێنی تر بڵاوبۆتەوە کە لەوانەیە ژمارەیەکی خەیاڵی بێت چونکە ئێمە شتەکان لە بێکۆتاییدا دەسەلمێنین.لەوانەشە هەر لەو دوو شوێنەدا بڵاوبووبێتەوە چونکە تا نوسخە لەیەك چووەکانی نەبینم ناتوانم دڵنیابم لێی .بەڵام بەو پێیەی بۆمان هەیە بپرسین و بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کە چەند ئەستێرەی تر هەیە وەك زەوی بۆ ژیان گونجاوبێت ئەوا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەم چیرۆکەش چەند نوسخەی تری ...

نامۆیی ئەو بۆچوونەی ناچاری کردم قسەکانی پێببڕم و پێمووت:

-بەڵام من چیرۆکی پێغەمبەران و شەڕو ئاشتی و گەڕان بەدوای زەمەنی ون و هەروەها هیچی تۆفیق وەهبیم نەخوێندۆتەوە ,دەبێ ئەمانیش وەك وتت بێکۆتا نوسخەی تریان هەبێت ؟؟ لەو

باوەڕەدانیت ئەمە شتێکی سەیربێت بەوەی ئەگەر وا بێت ئەوا زەوی بەرگەی ئەو هەموو نووسخە لە یەك چووە ناگرێت...

–مەبەستم لەوە نیە چونکە دەزانم ئەو کتێبانەی نەتخوێندۆتەوە بێشوومارن و مەگەر ئیبلیس بزانێت چەندن بەڵام من مەبەستم لە چیرۆکی ئاگر بوو...

هەوڵیدا بەهەمان هێمنی پێشوویەوە قسە بکات ئەگەرچی من دەمزانی گەرما بێزاری کردووە.

–ئەوەندەی من بەدوای ئەم لەیەك چوونەدا رۆشتووم, پێموایە (دزین) ناتوانێت راڤەی بکات .بەڵکو هەست دەکەم شتێکی تر هەیە کە لە ئێستادا ناتوانم پێتبڵێم لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەیە نازانم , بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لەلای تۆ ناوی چیرۆکەکە ئاگرە بەڵام لە کتێبەکەی تردا خۆڵە.

وەستا..ناچار منیش لەگەڵیدا وەستام ئەگەرچی نەمدەزانی بەنیازی چیە, مەبەستم بوو کۆتایی ئەم یارییە ببینم کە لەگەڵ خوێنەرێکی نادیاردا بوو. دەستی کرد بە جانتا چەرمەکەیدا و دوو کتێبی دەرهێنا.هەر زوو یەکێکیانم ناسییەوە کە (زارەکانی خەون)) بوو.پاش ئەوەی کتێبەکەی خۆمی دایەدەستم وتی :دەتوانیت سەیری بکەیت,باشتر وایە لاپەڕە (46)بکەیتەوە.

لەگەڵ ئەوەی پێکەنینم بە هەڵسووکەوتی ئەو کوڕە غەریبە دەهات بەوەی من کتێبی خۆم بوو دەمزانی چی تێدایە ,کەچی ئەو لاپەڕەیەم کردەوە کە ئەو وتی ,نەمتوانی سەرسامی خۆم

بشارمەوە و وتم:سەیرە وەك تۆ وتت وایە بەلاّم دەشیّت هەر ئەم نوسخەی کتیّبە وابیّت , مەحالّە هەموویان وابن .لەوانەشە ئەم نوسخەیە هی من نەبیّت و یەکیّك بیّت لە نوسخە دەستکاریکراو و شیّویّندراوەکان.

ئەو هەتا زیاتر دلّنیام بکات لاپەڕەی یەکمی نیشاندام و دایە دەستم . لەویّدا گومانم نەما کە بە دەست و خەتی خۆم پیّشکەشی (ئاوات ئەحمەد)م کردبوو,ویستم سەرسامی خۆم بشارمەوە,پیّم وت:گریمان هی منە بەلاّم چۆن گەشتۆتە لای تۆ؟؟

-ئەوە گرنگ نیە چونکە کتیّبەکان خۆیان بەدوای دروستکردنی نهیّنی و ئالۆزکردنی جیهاندا دەگەڕیّن نەوەك سادە کردنەوەی..پاشان دەتوانیت هەردووکیان بەریت و بەراوردیان بکەیت.

داوام لیّکرد لە شویّنیّك دانیشین تا بوارم هەبیّت بەدەم قسەوە بەراوردیان بکەم.

تا کاتی جیابوونەوە ئەو بە حەماسەوە قسەی دەکرد و منیش زیاتر گویّم لیّدەگرت .لە راستیدا بیرم لای ئەو نووسخەی کتیّبە بوو کە لەو باوەڕەد نەبووم هی من بیّت .بەلاّم ئەو دەیویست باسی نهیّنی ئەو دوو چیرۆکە لەیەك چووەی بۆ بکەم کە هیچم لەبارەوە نەدەزانی.ئەو وتی:

-ئەگەر بەوردی سەیریان بکەیت ئەوا دەبینی هەموو وشەیەکی ئەو دوو چیرۆکە لەیەك دەچیّت ..بەلاّم ئەوەی سەیرە ئەوەیە لای

تۆ ناوی ئاگره و له کتێبەکەی تریشدا خۆڵه که من پێم وایه ئاگر دەگەڕێتەوه بۆ هەستی ئەزەلی بوون که به قووڵی لای تۆ هەیه و جۆرێك له ناکۆتا دەگەیەنێت وەك تۆ زۆر جار گرنگی پێدەدەیت و باســـی دەکـــەیت. بـــەڵام خـــۆڵ وەك دەزانیـــت بـــە پێچەوانەوەیە..ئەوەندەی منیش ئاگاداری ئەو حاڵەتی دژایەتیانە بم که له تۆدا هەیه وام لێدەکات بگەمە ئەو باوەڕەی کە هەردوو کتێبەکه تۆ نوسیوتن .

من کە بڕیارم دابوو هیچ لە بارەی ئەو چیرۆکەوە قسە نەکـەم , رێکـەوتبوو چـەند نوسـخەیەکی دەسـتکاریکراو و شێوێندراوی کتێبی ترم هەبێت یاخود خوێندبێتەوە لەوانە سێ چاپی جیاوازی دۆن کیشۆت کە لە دانەیەکیاند نزیکەی 50 لاپەڕەی وێنە دار دەبوو کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەسڵەکەیدا , هەروەها چاپێکی هەزارو یەك شەوە کە لە ئوردون بە چاپێکی ناشرین و پڕ لە هەڵە کرابوو .شەوەکانی وەك ژمارە تەواو بوو بەڵام هەموو ئەو حیکایەت و دیمەنانەی لێدەرهێنرابوو کە لە بارەی رابواردن و ئەندامە حەرامەکانی لەش و جوڵاندنی ئارەزووەوە بوون وەك ئەوەی ئەو کتێبە خۆی لە خۆیدا چێژێکی رووت نەبێت کە ئەگەر لێرەوە سەیر بکرێت ئەوا تەنها رێگای سووتاندن لەبەر دەمیدا دەمێنێتەوە.پاشان چاپی جیاوازی برایانی کارامازۆڤ دستۆفسکی و زۆری تر..بەڵام نەمدەتوانی چیرۆکی ئاگر وەك ئەوانە ببینم چونکە ئەو کتێبانە خانەی

بلاْوكردنـــەوە و وەرگێڕەكـــان یاریـــان پێدەكـــەن بێئـــەوەی نـــاوی كتێبـــەكان (لـــە زۆربـــەی جـــاردا)بگـــۆڕن.بـــەلاْم ئـــەم دوو چـــیرۆكە لـــە هـــەموو شـــتێكدا لەیـــەك دەچـــن تـــەنها ناونیشـــانەكانیان نـــەبێت كـــە ئەمەش وای لێكردم لە بنچینەدا ئەم دوو چیرۆكە بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەی خوێندومنەتەوە ببینم بەوەی هەر شەش لاپـەڕەی چیرۆكەكە بریتین لە ناونیشان بۆ چیرۆكێك كە لـە تـەنها وشـەیەك پێكهـــاتووە ئـــەویش (ئـــاگر)ە لـــە یەكێكیانـــدا و لـــەوی تریشدا(خۆڵ)ە,بەم پێیە وەك كەسە غەریبەكە وتی دزی ناتوانێت راڤـەی ئـەم دوو چـیرۆكە بكـات بـەوەی دوو چـیرۆكی جیـاوازن و تەنها ناونیشانەكەیان یەكە كە شەش لاپەڕەیە .ئەمەش پاش ئەوە پێیگەشتم كە سەیر بوو بەلامەوە شتێك لـە دوو سـات یـاخود دوو شوێنی جیاوازدا ئامادەیی هـەبێت ئەگەرچی ئـەم دوو چیرۆكە وا بەدەر دەكەوت كە یەك چیرۆك بن و دوو نووسەریان هەبێت.

مـن بـە هـەردوو كتێبەكـەوە لێـی جیابوومـەوە ئەگەرچـی دەمزانـی تووشـی بێخـەویم دەكـات بـەلاْم هـەرگیز نەمدەویسـت بگەڕێمـەوە سـەر نووسـخەكانی تـری(زارەكـانی خـەون)نـەوەك چیرۆكی ئاگریان تێدا بێت,ئەگەرچی دەهاتـەوە یـادم كـە ژمـارەی لاپەڕەكانی ئـەم نوسخەیەو نوسخەكانی تـر هێنـدەی یـەكن و ئـەم نوســخەیەش هـــەموو چـــیرۆكەكانی نوســخەكانی تـــری تێدایـــە بێئـەوەی لـەوە تێبگـەم ئەگـەر ئـەم قسـانە راسـتبن ئـەی دەبێـت چـیرۆكی ئـاگر هـیچ لاپەڕەیـەكی داگیرنـەكردبێت؟ هەرچـەندە

ژمارەشی لەسەرە یاخود دەبێت لەو بۆشاییە بێکۆتاییەدا جێی خۆی کردبێتەوە کە دەکەوێتە نێوان دوو چیرۆکی کتێبەکەوە.

هەوڵمدا تەنها ئەو نوسخەیە لەلای خۆم بپارێزم و هەموو ئەوانی تر(ئەگەر دەرفەتم بۆ رەخسا)بفەوتێنم.ناشبێت لە یادم بچێت کە من لەپاڵ ئەوەدا هەوڵمنەدا هەرگیز ناوی نووسەری چیرۆکی(خۆڵ)بزانم یاخود ئاشکرای بکەم بەوەی سەیری ناوی سەر بەرگەکەیم نەدەکرد.لەوانەیە ئەمە لە ترسی ئەو هستەوە بێت کە لە بێکۆتابوونی چیرۆکێکی واوە لام دروست بوو وەك کەسە غەریبەکە وتی.تەنها کارێکیش بە گونجاوم زانیبێت ئەوە بوو کە بە لەبیرچوونەوە دەرەقەتی بێخەوی ئەم چیرۆکە بێم .

*   *   *

# پەنهانییەکانی زیندوویێتی مەسیح

هەرچەندە من یەکەمین ئەندێشەکاری ئەم چیرۆکەنیم ,بەلاَم ئەوانی تر کە هەولَی گێڕانەوەیان دا,نەیانتوانی بگەنە ئەو نهێنییەی لە پشت ئەم چیرۆکەوەیە.ئەمەش ناچارم دەکات دوا سنور بۆ یاریکردنی ئەو مردنە سەیرە دابنێم کە هەردەم خۆی لە گێڕەرەوەکانی شاردۆتەوە ئەویش بە ئاشکراکردنی مردنی سیَ کەسی جیاوازە لە سیَ زەمانی جیاوازدا کە بە مردنەکانی قازی محمد ناسراوە.

کاتێـك مهابـاد لەبـەردەم سـوپای ئێرانییەکانـدا خـۆی بـە دەسـتەوەدا,بەوپێیـەی رێگایـەکی تـری لەبـەردەم خۆیـدا نـەبینی, سـەرلەبەری شـارەکە سـوتێنراو بـۆ هـەتا هەتایـە خـاپورکرا دوای ئـەوەی قـازی محمـد لـە گۆڕەپانێکیـدا لـە سـێدارە درا ئەگـەر چـی پـێش وەخـت بـەڵێنی ئـەوەی پێـدرابوو کـە بـە خۆبەدەسـتەوەدانی ,شارەکە پارێزراو دەبێت. هەرچەندە زۆر کەس لەو بـاوەڕەدان کـە رووداوی شـارەکەو لـە سـێدارەدانەکەی قـازی محمـد بـەو شـێوە سـامناك و کارەسـاتاوییە روینـەداوە وەك کتێبـەکان دەڵـێن .بـەڵام درەوشانەوەی ئەو شارە لـە یـادەوەری گێڕەرەوەکانیـدا تـەنها ئـەو راستییە دەسەلمێنێت کە دەشێت رووداوێکی وا روویدابێت.

بەهــەرحاڵ ئــەوەی مــن دەمــەوێت باســی بکــەم سـێیەمین رووبەڕووبوونەوەی قازی محمدە لەگەڵ مردندا کە وەك جارەکـانی تر بەو پەڕی خوێن ساردییەوە وەستاو تەنها چەند وێنەیـەکی پـڕ لـە نائومێـدی کـاتی مردنەکـەی لـە دوای خۆیـەوە بەجێهێشـت کـە بـەوورد بوونـەوە لـەو وێنانـەی کـاتی لـە سـێدارەدانەکەی,تـەنها تارمـایی پیاوێـك دەبیـنین نـەوەك پیـاوێکی راسـتەقینە کـە بـە قەنارەوە دەستەو یەخـە لەگـەڵ مردنیـدا شـەڕ دەکـات.وەك ئـەوەی ئەو کەسەی لە سێدارەدرا قازی محمد نـەبووبێت هەرچۆن لـە دوو جارەکەی پێشوویدا کـردی و ئـەم لەسێدارەدانەشـی ئـەزموونێکی تری مردن بێت ,ئەگەر چی ئەو لـە جارەکـانی تـردا بـەناوی تـرەوە ئەزموونی مردنی دەکرد , هەرچۆن لە داهاتووشدا وا دەکات.

تارمایی بوونی ئەو پیاوە لەو چەند وێنەیـەی بەجێیهێشـت ,راستی ئەو مردنە زۆرانەی دەسەلمێنێت کە ئاسـتەمە لـە توانـای

کەسێکی واقعیدا بێت . ئەمەش ئەو گومانەمان لادروست دەکات کە مەحاڵە قازی محمد و دوو کەسەکەی تر بوونیان هەبووبێت و ئەوان هیچ نەبوون جگە لەو ژیانە گریمانکراوانەی کە کەسێکی تر دەیانکات و لەماندا بەرجەستەیان دەکات. ئەمەش نهێنی ئەم چیرۆکەیە کە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو کەسە پڕ لە تراجیدیایە دەدات.

پێدەچێت یەکەمین ئەزموونی مردنی قازی محمد بگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتەی بە لەشی خوێناوییەوە بەسەر خاچەکەیەوە لە دنیا رامابوو بێئەوەی مێخە داکوتراوەکانی لەشی تامی ئازاری پێببەخشن وەك ئەوەی تارمایی پیاوێك بێت کە دواتر دیارنەما. قازی محمد لەو بارە پڕ لە هێمنیەیدا کە بە خاچەکەیەوە بوو کەسێك نەیدەزانی مەسیح لە چی راماوەو بۆچی رێگای دا دزەکە ئازاد بکرێت نەوەك خۆی. بەلاّم دیارە کەس لە ئامادەبووان و مێژوو نووس و گێڕەرەوەکانی ئنجیل نەیاندەزانی کە ئەو کەسەی بە خاچەوەیە کەسێکی ئەندێشەکراوە..ئەو گریمانکراوێکە نەوەك کەسێکی دیاریکراوو ناسراو,بەلاّم لە دووەمین ئەزموونکردنی مردنیداو دوای ئەوەی بەناوی مەسیحەوە لە خاچ دەدرێت قازی محمد لە شێوەی سۆفییەکدا بەناوی حەللاجەوە بەدەردەکەوێت کە ئیمان دەیگەیەنێتە ئەوەی بە زەندیق تاوانبار بکرێت و پارچە پارچە دەکرێ,وەك دەشگێڕنەوە قازی هەروەك دوو جارەکەی تر بە خوێن ساردییەوە لە جەللادەکانی رادەمێنێت.

بەوپێیەی زەمەنی ئەو سێ مردنە زۆر دوورە لە یەکترەوە ئەوا ناکرێت گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو سێ کەسە, ئەگەر چی

هەرسێکیان بە هێمنییەوە رووبەڕوی مردن وەستان,یەك کەس بێت و بواری هەبووبێت سێ جار ئەزمونی مردن بکات بەو پێیەی گۆڕی نەبووە لە هەر سێ جارەکەیدا .پاشان لە وێنەی لە سێدارەدانەکەدا وا بەدەر دەکەوێت کە ئەو کەسەی بەقەنارەکەوەیە تارمایی کەسێکە هەر چۆن دوو کەسەکەی تریش وابوون ئەمەش ئەگەری ئەوە درووست دەکات کە ئەو سێ کەسە بریتیبن لە سێ ژیانی گریمانکراو و ئەندێشەکراوی کەسێکی تر بە هەموو ئەو نووسین و وێنانەشەوە کە لە پاشیان جێدەمێنێت کە لەوانەیە ئەم نووسینە یاخود ئەندێشەی ئەو کەسە خوڵقاندبنی کە ئەم چەند دێڕە دەخوێنێتەوە بەوپێیەی پێویستمان بە مردنێکی ئەفسانەیی هەیە لە هەر سەردەمێکدا تا رۆحی پڕ تراجیدیمان بەر جەستە بکات هەرچۆن سوکراتیشمان کوشت(ئەم کوشتنانەش جیاوازن لەوەی بەرامبەر ئازاد سوبحی کردمان)پاشان دەشێت ئەم نووسینە و خوێنەرەکەشی ژیانێکی گریمانکراو و ئەندێشەکراوی ئەو بن کە نووسەرە.

کتێبەکان دەسووتێنین و مێژوویەکی تر دەنووسینەوە.

* * *

# بکوژە نادیارەکە

پێم وایە هەموومان مردنی رەفیق فایەقی چیرۆکنووسمان بیستووە(راستتر وایە بڵێم کوژرانی)ئەگەرچی قسەو باسێکی زۆری لە بارەوە کرا بەڵام پێدەچێت کۆمەڵێك حیکایەت بن بۆ ئەو رووداوە نادیارو تەومژاویەی بوار بۆ ئەندێشە دەرەخسێنێت .هەر ئەمەش رێگەم پێدەدات بڵێم ئێمە هیچمان لە بارەیەوە

نەدەزانی وەك ئەوەی ئەو لە زۆریی قسەو باسدا وون بووبێت .
کاتێکیش دەگەڕێمەوە سەر ئەو رووداوە,ئەگەر بشێت وای پێبڵێین چونکە زیاتر لە حیکایەتێکی ئەندێشەیی دەکرد,بۆ ئەوە نییە هەوڵی درووست کردنی جۆرێك لە مەتەڵ بدەم تا سەرسامی پێدرووست بکەم بەوەی شتێك دەڵێم کە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوەیە کە تا ئێستا فێری بووین ئەویش ئەوەیە وا دەزانین هەموو تاوانبارێك شتێك لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت تا تاوانەکەی ئاشکرا بکات. دیارە مەبەست لەوە نییە کە بە ئاگاوە ئەم کارە دەکات , وەك بیستوومە ئەم قسەیە ئاجاسا کریستی کردوویەتی هەرچەندە لەو باوەڕەدام کە پێش ئەویش ئەم قسەیە هەبووبێت لەبەر ئەوەی جۆرە گەشبینییەکی تێدایە کە هەستی ئارامیمان پێدەبەخشێت ئەگینا زۆر رووداو لە مێژودا روودەدەن بێئەوەی بزانرێت چۆن بووە یاخود کێ پێیهەستاوە.حەز دەکەم نموونەیەك بهێنمەوە :رۆژنامەیەك هەواڵێکی بلأوکردبووەوە کە لەگەڵیدا خەلأتێك هەبوو .هەواڵەکە سەبارەت بە نهێنی خۆکوشتنی کەسێك بووە کە خەلأتەکەش سەبارەت بە دۆزینەوەی رێگای خۆکوشتنەکە بووە.ئەو پیاوە ,وەك رۆژنامەکە نووسیبووی,دوای ئەوەی لە ژوورێکی چۆڵدا دەدۆزرێتەوە ,دەبینن خۆی بە گوریسێك هەڵواسیوەو مردوە.ئەوەی جێگای سەرسووڕمان بووە ئەوەیە کە ژوورەکە بەتەواوی چۆڵبووە و نەزانراوە چۆن ئەم کارەی کردووە.خوێنەرێکیش کە دیاربوو جوانترین راڤەی بۆ کردبوو(دەزانم ئەم وشەیە گونجاو نییە لێرەدا بە کاری دەهێنم)ئەگەرچی زۆرێك وای بۆچووبوون کە کوژرابێت و

بەو شێوەیە جێهێڵدرابێت,ئەو خوێنەرە وتبووی کە ئەو پیاوە سەهۆڵی بەکار هێناوە کە دوای تواندنەوەی هیچ ئاسەوارێکی بەجێنەماوە.بۆ خۆکوشتنەکەشی بەجێمانی کلیلەکە لە رووی ناوەوەی دەرگاکە,ئاشکرای دەکات کە دیارە ئەوە ئەو شتەیە کە بکەرەکە بیری چووە لە رێگایەوە خۆکوشتنەکەی ئاشکرا دەکات,وەك دیارە خەڵاتەکە بۆ ئەم خوێنەرە دەبێت نەوەك ئەوانەی پێیان وابووە کە ئەو پیاوە کوژراوە.

لەوانەیە نەزانراوی و تەمومژاوی زۆر رووداو بووبێتە هۆی دروست کردنی زۆر چیرۆك و بەسەرهات لەبارەی ئەو بوونەوەرانەوە کە نابینرێن چونکە ناکرێت لە روودانی شتێکدا بکەرێك نەبێت ,هەرچۆن لەپشت ئەم گەردوونەوەخوا هەیە (بەڵام بوونی خوا لە سەروو ئەم بۆچوونەو هەموو بۆچونێکی ترەوەیە ,بەوەی راڤەی رەهایی جیهان و شتەکانە)

دەبوو پێشتر ئەوە بڵێم کە ئەم قسانە , ئەگەر چی جۆرێك باوەڕ بەخۆبوونی پێوە دیارە بەڵام هەست بە نائارامی تێدا حەشاردراوە, ئەفسەرێکی هاوڕێمان کردی ئەویش لە دانیشتنێکدا کە بە تەنها ئامادەی نەبووم.هەرچەندە نامەوێت ناوی ئاشکرابکەم بەڵام دڵنیام دەیناسن..ئەو دانیشتنە لە ئێوارەیەکی درەنگی پایزدا بوو کە ئەو ئەفسەرەی هاوڕێمان کۆی کردینەوە بێئەوەی بزانین چی دەوێت لێمان.لەناکاو وتی:

–حەزم دەکرد لە بارەی رەفیقەوە قسەتان بۆ بکەم کە بەرەو ئەوە دەچێت لە بیربچێتەوە ئەگەرچی یادکردنەوە تەنها کارێکە لە

دەستمان دێت .بەڵام من نامەوێت ئەم کارە بکەم بەڵکو پێموایە تەنها کەس بم نهێنی مردنەکەی بزانێت...

پاش ئەوەی کەمێك بێدەنگ بوو وتی:

–نامەوێت درۆتان لەگەڵ بکەم هەر بۆیە پێتان دەڵێم ئەمە تەنها هۆی هاتنەکەمان نییە ..دوایی خۆتان دەزانن...

یەکێك بە بێزارییەوە وتی:

–بۆ دەبێت هەموو جارێك مردووەکان دانیشتنەکانمان ببەن بەڕێوە و بە گێڕانەوەی ئەوەی رویداوە بیکوژین لە کتێکدا بێتواناین لەبەردەم ئەوەی بووە..

پێش ئەوەی من وەڵامی بدەمەوە و بڵێم:

–لەوانەیە وابێت بەڵام ئەو هێزە شاراوەیەش نهێنیمانە..ئەگەر ئەوەش نەبوایە پێموایە رۆژێك لە رۆژان کتێبی (نانی پێپەتی)ی محمد شوکری و زۆربەی کتێبەکانت نەدەخوێندەوە چونکە لەوە دەچوو نووسین شتێکی تر بوایە بەوەی رابووردویەك نەدەبوو گێڕانەوە کاری تێدا بکات. پاشان ئێمە هەست دەکەین ژیانێك لەوێدا هەیە یاخود هەبووە و هەوڵی بەدەست هێنانەوەی دەدەین..

ئەو وتی:

–گرنگ نیە چۆن سەیری دەکەن بەڵام من دەمەوێت بۆ دواجار نهێنی ئەو مردنەتان بۆ ئاشکرابکەم کە پێم وایە سەیرترین مردنە و ئێوەش هەمان راتان دەبێت کاتێك گوێ لە کۆتایی قسەکانم دەگرن.وەك دەزانن ئارەزووم لە خوێندنەوە هەبووە ئەگەر چی بەشێوەیەك نیە کە ژیانمی بۆ تەرخان بکەم بەڵام سەبارەت بە

کارەکەم رۆژانە بەسەرهاتی سەیر و نامۆی وا دەبینم کە زۆر لە چیرۆکەکانی (ئیدگار ئالان پۆ)سەیر ترن وەك تۆ بۆت باسکردووم,وابزانم هەڵەم لە ناوەکەیدا نەکردووە؟

سەیری منی کرد وەك ئەوەی چاوەڕوانی پشتگیری من بکات,منیش تەنها بە سەر وەڵامم دایەوە,پاشان بەردەوام بوو:

–بەهەر حاڵ کاتێك هەواڵی مردنی رەفیقمان پێگەشت ,من یەکێك بووم لە وانەی چوون تا لە بارەی رووداوەکەوە لێکۆڵینەوە بکەن بەڵام ئەو رۆژەو رۆژانی دواتریش دۆسیەکەی هەروا مایەوە بێئەوەی هیچ زانیارییەکی گرنگ لە بارەیەوە بزانرێت .ئەمەش زۆرمانی گەیاندە ئەو باوەڕەی وا بزانین خۆی کوشتووە تا رۆژێك بەرێکەوت خەریکی سەیرکردن و گەڕان بووم بەناو دۆسییەکاندا کە نازانم بۆچی دەگەڕام,جارێکی تر ئەوەی رەفیق کەوتە بەردەستم.ئەو کاتە ئارەزووم کرد جارێکی تر سەیری بکەمەوە.لەناو ئەو شتانەی کە پارێزراوبوون و بەگرنگ دانرابوون , دەستنووسێکی جێگای سەرنجم بوو کە پێشتر نەمخوێندبووەوە و دواتر زانیم چیرۆکە.ئەوەبوو دوای خوێندنەوەی ناچاری کردم لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە و ئەو شەوە و شەوانی تریش بە چێژێکی زۆرەوە چەندین جارم خوێندەوە چونکە هەستم دەکرد لە پشت ئەم چیرۆکەوە نهێنیەك ئاشکرا کراوە یاخود بەجۆرێکی تر دەتوانم بڵێم نهێنیەك لەو دیو ئەم چیرۆکەوەیە و ناچاری دەکردم جار لە دوای جار بیخوێنمەوە.بە راست دەبوو شتێکتان لێبپرسم ئەویش ئەوەیە کە ئێوە دڵنیان رەفیقتان ناسیوە؟

ئێمەش بە سەرسامییەوە وتمان:

–ئەم پرسیارە سەیرە چیە..وەك تۆ ناسیومانە..

بەڵام ئەو ویستی دانیشتنەکە تێك نەچێت یاخود بێزاری درووست نەکات ,وتی:

–مەبەستم لەوە بوو من دواتر شتێکی سەیرم بۆ دەرکەوت ئەویش ئەوەبوو کە رەفیق بە دەستی پاڵەوانی چیرۆکەکەی کوژرابوو..

بێدەنگ بوو چونکە دەیزانی ئێمە بە سەرسامییەوە سەیری دەکەین و نەمان دەتوانی ئەوە بهێنینە بەرچاومان کە چۆن کارێکی وا روودەدات , پاڵەوانێك خەیاڵ خوڵقاندویەتی و لە ناو وشەدایە و دەتوانێت نووسەرەکەی بکوژێت ..بەڵام بێئەوەی ئێمە هیچ بڵێین ئەو وتی:

–منیش زۆری ویست تا باوەڕ بکەم ,ئەویش پاش ئەوەی بۆم دەرکەوت کە رەفیق بۆخۆی یەکێك بووە لە کەسایەتی چیرۆکەکە هەربۆیە پرسیاری ئەوەم لێکردن کە ئێوە دڵنیان ناسیوتانە چونکە ئەگەر وا بێت ئەوا هەموومان لەو چیرۆکەداین کە نازانم کێ نووسیویەتی.دیاربوو نەیدەویست هیچی تر لە بارەی ئەو رووداوەوە بڵێت چونکە کاتێك پرسیاری ئەوەمان لێکرد کە چیرۆکەکە باسی چی دەکرد و تاوانبارەکە هیچی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت یا نا؟

–ئەو چیرۆکەکەی لێبەجێمابوو..وەك چارەنووسی کتێبیش سووتاندم ئەگەرچی دەمزانی تاوانباری ئەو رووداوە ئەو کەسەیە کە چیرۆکەکەی خوێندۆتەوە..

*     *     *

# ئەبەدیەت

لەگەڵ ئەوەی هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە رۆژێك هەستم بە نووسینی یاخود نووسینەوەی ئەم چیرۆکە .بەلاَم ئێستا هەستدەکەم هۆیەکی سەرەکی وام لێدەکات ئەم کارە بکەم ئەویش ئەوەیە کە ئەم رووداوە لە دەست عەتا محمد رزگار بکەم تا بە فریای نووسینی نەکەوێت ئەگەرچی هۆکەی ناڵێم بەلاَم دڵنیام دەزانیٚ رێگرتنی من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو ئەم رووداوە سادەیە نغرۆی ئەندێشە نەکات وەك لەگەڵ زۆری تردا کردوویەتی هەرچۆن ئەو لە شوێنێکدا نووسیویەتی (من چێژ لەو گێڕانەوە زۆرەی چیرۆکێکی ناتەواو وەردەگرم کە بۆ خۆمی دەگێڕمەوە). کاتێك ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نیە بڵێم من لە لایەنگرانی (سادەیی)بم.لەگەڵ ئەوەی نامەوێت ناوی خۆم ئاشکرابکەم ئەوا مانای وا نیە هەوڵی دروست کردنی ئاڵۆزی دەدەم بەوەی کیٚ ئەم چیرۆکە دەنووسێتەوە من یاخود عەتا کە دواجار لە کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەودا بلاَودەبێتەوە کە پێم وایە ناوی (فریو و خۆحەشاردان)دەبێت ئەگەرچی گێڕانەوەکە هی ئەویش نیە.پاشان پەیوەندی من و ئەو چیە؟ ئەمانە دائەنێم بۆ شوێنێکی تر تا قسەیان لە بارەوە بکەم هەرچەندە هەوڵی ئاشکراکردنی هیچ نهێنیەك نادەم,ئەگەر چی دەزانم شتەکان بە ناونان مانەوە و بەردەوامی بەدەست دەهێنن.

ئەوەی ئێستا پێویستمە ئەوەیە کە هەوڵی بەیاد هێنانەوەی ئەو شەوە بدەم کە لە کەناری دەریای ئیجە چاوەڕوانی پەڕینەوە بووین بەرەو کەنارەکانی یۆنان.لەوێدا وەك زۆر شەوی تر کە ئەو کـەنارە بینیبـووی ,دەبوایـە (هەرچـۆن ئـەوانی پـێش ئێمـە کردبوویـان) بلاوبووینایەتـەوە و خۆمـان حەشـاربدایە تـا لـە بەرێکـەوتن ئاگـادار دەکراینـەوە.مەترسـی گـەورە راکشـانی ئـەو دەریـا فراوانـە بـوو کـە لـە بۆشـاییەکی تـەواوی دەکـرد و هـەوڵمان دەدا بە خەیاڵ بیبڕین یاخود ئاشنای بین.ئەم شتانە پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەوەوە نیە کە دەمەوێت بیگێڕمەوە چونکە شەوانی ئەو کەنارە تەمەنێکی دەوێت تا بنوسرێتەوە و باسی ئەوە بکرێت کە لە وێدا رویداوە.بەڵام ئەگەر پەیوەندییـەکی هـەبێت ئەوەیـە کـە لـەو شـوێنەدا و لـەو چاوەڕوانیە سـامناکەدا بوومـە هـاوڕێی دوو کـەس کـە پێشـتر نەمدەناسـین و دەبـوو ئـەو شـەوە تـا گەشـتنی کەشتییەکە پێکەوەبین ,لەو ماوەیەشدا ئەو شتە رویـدا کـە ئێسـتا هەوڵی گێڕانەوەی دەدەم.

یەکێك لەو دوانە عەتا بوو ئەوی تر گرنگ نیـە نـاوی(دواتـر هـۆی نـاو نـەهێنانی دەزانـن).ئـەو کـوڕە نەناسـراوە(حەزدەکـەم وا باسی بکەم و یادی بکەمەوە)کتێبێکی لە دەستدا بوو کە دیـاربوو لە هەر شـتێکی تـر زیـاتر جێگـای بایـەخی بـوو بـەوەی نیگـەرانیی خـۆی لـەوە نیشـاندەدا کـە نـەتوانێت لـەم سـەفەرەدا بیپارێزێـت

یاخود بفەوتێت .ئەمەش وایکرد یەکێکمان پرسیاری ئەوەی لێبکات کە ئەو کتێبە چیە ئەوەندە نیگەرانیەتی لەم سەفەرە سەختەدا.ئەویش وتی:

-دەستنووسێکی پیرەمێردە..

به سەرسووڕمانەوە وتمان:

-پیرەمێردی شاعیر؟؟؟

ئەویش وتی:

-لەم رۆژانەدا بە کۆلانێکی (ئاکسەرای)دا دەڕۆشتم لە ئەستەمبوول و لەناو دوکانێکدا کە کەلوپەلی کۆنی دەفرۆشت ,ئەم دەستنووسەم دۆزییەوە کە دیار بوو خاوەن دوکانەکە هیچی لە بارەیەوە نەدەزانی و توانای خوێندنەوەشی نەبووە بەوەی بە پیتی عەرەبی نوسراوە,منیش کۆنی دەستنووسەکەو بوونی ئەو ناوە سەیرەی پیرەمێرد سەرنجی راکێشام و کڕیم .ئەگەرچی لە کۆتاییدا (ئەستەمبوولّ-1947)نووسرابوو وەك ئەوەی ئەو کاتەپیرەمێرد لە ئەستەمبوولّ بووبێت. بەلاّم وەك دەزانن ئەو لەو کاتەدا لە سلێمانی سەرقاڵی دەرکردنی رۆژنامە بووە , خۆ ناکرێت ئەو لە ساتێکدا لە دوو شوێن بووبێت..

کاتێك لێمان پرسی دەستنووسەکە باسی چی دەکات,ئەو وتی :

-ئەوەنـــدەی بـــزانم لـــە چـــەند حیکایـــەتێکی ئەندێشـــەیی دەچێت..ئەگەر حەز دەکەن باسی یەکێکیتان بۆ دەکەم یاخود راستتر بۆتان دەگێڕمەوە کە زۆر سەرنجی راکێشاوم و چەند جارێکم خوێندۆتەوە .بەڵام لەم شەوەدا و بەو زمان و شێوە نووسینەی کە لەو کاتەدا باو بووە ئاستەمە بخوێنرێتەوە.دوای ئەوەی کوڕە نەناسراوەکە وایوت, وتی:

-ئەو چیرۆکە باس لە رێبوارێك دەکات کە رێگا فێڵی لێدەکات و دەیگەیەنێتە ماڵێکی کۆن کە لەسەر شێوازی بیناسازی ئیسلامی دروستکراوەو بە تاق و زەخرەفە رازێنراوەتەوە .پێش گەشتنی بە ماڵەکە, پیرەمێردێکی رەش پۆش دەبینێت کە بێئەوەی هیچ بە یەکتر بڵێن لە یەکتر رەت دەبن.کاتێك دەچێتە ژوورەوە و بە ماڵەکەدا دەگەڕێت کەس نابینێت .ناچار دەگەڕێتەوە بەڵام هەست دەکات دەرگاکەی لێون بووە و بۆی نادۆزرێتەوە ,بێهیوا خۆی دەداتە دەست دیمەنە سەیرەکانی ماڵەکە تا رێکەوتی کەسێك دەکات کە بێدەنگ بەدیار گوڵێکی سوورەوە راماوە,دەچێتە لای تا لێی بپرسێت کە ئەو خاوەن ماڵەکەیە یاخود کەسێکی تر , ئەویش بەسەرسامییەوە دەڵێت:

– لێرە هیچ کەس خاوەن ماڵ نییە بەو مانایەی هەموو کەسێك خاوەن ماڵەکەیە .پێدەچێت زۆر نەبێت گەشتبیتە ئێرە؟

ئەویش بە هێمنیەوە دەڵێت:

– نـەخێر ویسـتم کـەمێك پشـوو بـدەم بـەڵام نـەمتوانی دەرگاکـە بدۆزمەوە ..ئەگەر دەتوانیت یارمەتیم بدەیت..؟

بەڵام ئەو پیاوەی لە گوڵەکە رامابووپێیدەڵێت:

–ئەگەر ئەمە کێشـەتە ئـەوا بیری لێمەکـەرەوە چونکە دۆزینـەوەی دەرگاکـە مەحاڵـە.پاشـان دەڵـێن تەلیسـمێکی هەیـە کـە تـەنها لـەو رێگایەوە دەتوانرێت بدۆزرێتەوە ئەویش پێناسەیە.

–پێناسەی چی؟

–ئەمـە ئـەو شـتەیە هـەرگیز نایدۆزیتـەوە و نهێنیەکـەی ئاشـکرا نابێت.ئەوەتا من ساڵانێکی زۆرە لێرەم و تەواو بێئومێد بووم لـەو دەرگایـە وەك دەبینیـت خـۆم بەسـەیر کردنـی ئـەم گوڵـەوە خـەریك کردووە.

رێبوارەکە زۆر بە سادەیی دەپرسێت:

–چەندێکە لێرەیت؟

ئەویش روو بەرەو گوڵەکە وەردەگێڕێت و دەڵێت:

–لـەوە دەچێت تۆ پرسیار لـە نهێنیـەکانی ئەم ماڵە بکـەیت وەك ئـەوەی هیچـی لـەبارەوە نـەزانیت..چـونکە مـن هـەر لێـرەم ,بـەو مانایـەی هـەموو شـتێك لێـرە لـە بێکۆتـایی دایـە. وەك دەبینیـت هـەرگیز گـەڕان بـەم ماڵـەدا ناتگەیەنێتـە خاڵێـك کـە پێیبڵێـت کۆتـایی,بـەڵکو ژورەکـانی بێکۆتـا لـەناو یەکـدان.کـاتێکیش لـە

ئاوێنەوە سەیری خۆت دەکەیت ئەوا بێکۆتا وێنەی خۆتت نیشان دەدات.

ڕێبوارەکە وەك ئەوەی ئەو وێڵگەیەی بۆ ئەندێشە نەکرێت کە کەوتۆتە ناوی,دەپرسێت:

-بەڵام ئەگەر دەرگا بوونی نیە ئەوا ناتوانرێت لەسەر دیوارەکانیەوە بچینە دەرەوە؟

-کاری وا مەحاڵە چونکە دیوارەکانیش بێکۆتا بەرز دەبنەوە هەرچۆن لێرە(مەجاز و ئیستیعارە)بێکۆتان ,من و تۆش بێکۆتاین..

-بەلأم تا ئێستا نازانیت لە کوێی ئەمماڵەدایت؟

-بەو پێیەی ئێمە لە ساتێك و هەموو ساتەکانداین, وا دەکات لە شوێنێك و هەموو شوێنەکانیشدا بین ,هەر بۆیە خاڵێك نیە ئێمە لەسەری دیاری بکرێین..

ڕێبوارەکە دوای ئەوەی هەستی کرد ئەم لەناو وێڵگەیەکدایە کە لەسەر و ئەندێشەوەیە,وتی:

-دەکرێت پێم بڵێی ئێرە کوێیە؟چونکە دەبوو من ئەو سەفەرەم تەواو کردایە تا ڕاسپاردەکەمم بگەیاندایە..

پیاوەکە لێیدەپرسێت:

-کاتێك تۆ هاتیت لەبەر دەرگا پیاوێکی پیری ڕەشپۆشت بینی؟

ڕێبوارەکـە سـەری بـۆ رادەوەشـێنێت, ئـەویش بـە بـزەوە دەڵێت:

-دەبوایە بتزانیایە کە ئێرە مردنە چونکە ئەوە مەرگ بووە کە لەوێدا بینیووتە..

-بەڵام ناکرێت شتی وا رووبدات لەکاتێکدا ئێمە قسە دەکەین و دەتوانین بە یادگاریەکانماندا بچینەوە.

-دەبێت بە ترسەوە سەیری مردن نەکەیت چونکە وەك دەبینیت ئەو بێکۆتاییەکی بێزارکەرە نەوەك ترسێنەر .پاشان منیش وەك مردوویـەك قسـەت لەگـەڵ دەکـەم هەرچـۆن زینـدووەکان لـەناو خۆیاندا دەدوێن بە جیاوازی ئەوەی قسە لێرەدا بێکۆتا مانا لە خۆیـدا حەشـار دەدات.کاتێـك دەڵێـی ((ئـاو))بێکۆتاییـەك لـە پشـــتییەوەیەتی هەرچـــۆن رســـتەکانیش هـــەروان ,یـــاخود سەیرکردنی من بۆ ئەم گوڵە,ئەمەش وا دەکات کە قسە تا رادەی مردن بێکۆتابێت.

لێـرەدا گێڕانـەوەی کـوڕە نەناسـراوەکە بـۆ چـیرۆکی دەستنووسـەکە تـەواو دەبێـت پـاش ئـەوەی ڕێبوارەکـە بـۆی ئاشکرادەبێت کە گەشتۆتە مردن.منیش هەوڵدەدەم دوا تێبینیم لەسـەر چارەنووسـی ئـەو دەستنووسـە بـدەم کـە پێموایـە چـەند حیکایەتێکی تری ئەفسانەیی تێدا بووبێت کە نازانرێت چیبوون و هـەتا هەتاشە نازانرێت چونکە ئەو شەوە کوڕە نەناسراوەکە

کەشتییەکەیان نغرۆبوو(هەر ئەمەش وادەکات ناوی ئەو کوڕە نەهێنم تا من مردنەکەی ئاشکرانەکەم).ئێستاش کە لە خوێندنەوەی ئەم چەند لاپەڕەیە بوویتەوە ئەوەندەی چیرۆکی دەستنووسەکە سەرسامی کردوویت یاخود بیر لە چارەنووسی ئەو کتێبە فەوتاوە دەکەیتەوە ئەوەندەش بیرت لای ئەوەیە کە کێ ئەم چیرۆکەی گێڕایەوە و نووسییەوە ,لە کاتێکدا عەتا نییە و لە کتێبەکەی ئەویشدایە.من نامەوێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە بەڵکو تەنها ئەوەندە دەڵێم کە ئەم حیکایەتە دەتوانێت بێکۆتا گێڕەرەوە بخوڵقێنێت چونکە باسی مردن دەکات.

*　　*　　*

# ئازادکردنی جیهان

دەكرێت ئەمە بەیەكێك لەو چیرۆكە بێشوومارانە دابنێین كە لـە سـەفەردا لـە دایـك دەبـن(هەسـت دەكـەم ئـەم وشـەیەی دوایـی رسـتەكە دەباتـەوە سـەر ئـەوەی سـیمای رسـتەیەكی چیرۆكنووسەكانی نەوەی حەفتاكانی سەدەی رابووردووی بداتیٚ ,بـەوەی ئـەوان حـەزیان لـە پێكهێنـانی جـۆرە رسـتەیەك دەكـرد كـە تێیـدا دژەكـان كۆبكرێنـەوە وەك شـەكراوی تـاڵ,بـەفری گـەرم ...ئەمـەش كاریگـەری بەسـەر سـاڵانی هەشـتاكان و دواتریشـەوە هـەبوو,یـاخود ئـەو جـۆرە تێڕوانینـەی خـۆی لـە بـە مرۆڤكردنـی شتەكاندا دەبینییەوە و وای دەكرد تەنانەت دەقی ئەدەبیش بە جگەرگۆشە ناوبەرن كە ئەو رستەیەی سەرەوەم لەگەڵیدا هاوشێوە دەبێـت) واتـا ئەگـەر سـەفەر نەبووایـە ئـەوا مـەحاڵبوو بگەمـە نووسـینی ئـەم چیرۆكە بـەڵام دەبێت ئـەوە بڵـێم كـە مەبەسـتم لـە چیرۆك و بەسەرهاتەكانی سەفەر خۆی نیە كە زۆر كاری گەورەی بەرهـەمهێناوە یـاخود لەپشـت زۆر كـاری ئەدەبییـەوە وەسـتاوە.پاشـان دڵنیـام لـەوەی زۆر كەسـی تـر رێكـەوتی ئـاوای كـردووە بـەڵام خۆیـان دەزانـن بۆچـی هـەوڵی نووسـینەوەی ئـەو چـیرۆكانەیان نـەداوە كـە لـە سـەفەردا رێكـەوتیان كـردون .نووسینەوەی منیش بۆ ئەم رووداوە كە دواجار بە چیرۆك ناوی دەبەم,بە یادی ئەو هاوڕێیەمەوەیە كە دەرەقەتی رێگا نەهات و لـە یـەكێك لـە دەریاكانـدا مـرد,ئەگەرچـی مـن پێموایـە رێگـا فێڵـی لێكردبێت.

سەرچاوەی ئەم چیرۆكە دەگەڕێتەوە بۆ یەكێك لـەو سـەفەرە وەڕس كەرانەی لەنێوان شاری قیسەری و ئەنكەرەدا كردوومن كە

نزیکەی حەوت کاتژمێر بە ڕۆشتنی شەمەندەفەر لە یەکترەوە دوور بوون بێئەوەی بگەڕێمەوە سەر هیچ یەکێك لەو دوو شارە و باسیان بکەم, بەتایبەت شاری قەیسەری کە بە شوێنەوارە کۆنەکانی ناسراوە و کاتێك رووبەڕووی دەڕۆیت زۆر ئەندێشەی مێژوییت تێدا دەجولێنێت,ئەگەرچی من وای دەبینم شارە دێرینەکان کە گەشتکەر بۆ خۆیان رادەکێشن,زیاتر بە مردوو دەکات و ئەو خەڵکەی تێیدا دەژین هەروەك پاشماوەیەکی گڵین خاوتر بە زەمەندا دەڕۆن . ئەمەش بەمانای دژایەتی کردنی ئەو شارانە نیە بەڵکو تەنها هەستێکە,هەر چۆن بەرامبەر شاری هەولێر هەمە(ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە ئەو هەستە لە بەرامبەر هەندێك شاری مێژوییدا نیمە کە حەز ناکەم ناویان بهێنم کە لەوانەیە لەبەر ئامادەیی بەردەوامیان بێت لە ئێستادا).باس نەکردنی منیش بۆ ئەو دوو شارە لەبەر هۆیەکی سادەیە ئەویش ئەوەیە کە ئەوەی روویدا لە رێگادا و لە جوڵەیەکی بەردەوامی شەمەندەفەرێکدا بوو.بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم کە هەندێك رێکەوت لەپشت گەشتنی من بەو شارە مێژوییەوە وەستاوە کە چەند مانگێکم تێدا بردە سەر,هەوڵدەدەم لە کاتێکی تر یاخود شوێنێکی تردا باسی بکەم.

لە یەکێك لەو جارانەدا کە لە ئەنکەرەوە بەرەو قەیسەری دەگەڕامەوە,وەك هەرجاریکی تر چاوەڕوانی شەمەندەفەرم دەکرد,نەك لەبەر ئەوەی ئارەزوم لە سەفەری دەکرد,بەڵکو لەبەر هەرزانی نرخەکەی بوو.دەبوو پێشتر ئەوە بڵێم کە لە گەڕانەوەمدا ئەو هاوڕێیەم لەگەڵ بوو کە دواتر کەشتییەکەیان لە دەریای ئیجە

یـاخود دەریـای سـپی ناوەڕاسـتدا نغـرۆ دەبێـت دوای ئـەوەی بڕیاریدا ئەو ڕێگای هات و نەهاتە بگرێتە بەر (تا ئێستا کەسمان دڵنیا نیە لە کام دەریـادا خنکا,ئەوەنـدە نـەبێت ئـەو گەڕایـەوە بـۆ درێـژترین سـەفەری مـەجازی کـە ئـاوە).لـەو فارگۆنـەی جێگـای شـــەش کـــەس دەبـــووەوە, شـــوێنی خۆمـــان دۆزییـــەوە و دانیشتین.لەوێدا ڕێکەوتی چوار کەسمان کرد کە بە سیمایاندا دیار بوو لـە خـوار 25 ساڵییەوەن.وەك عادەتی کەسێکی غـەریب جگە لە سلاّو کردن بێدەنگیمان هەڵبـژارد و جـار جـار بـۆ جگـەرە کێشان دەچووینە دەرەوە و لە مەمەڕە تەسکەکەیدا دەوەستاین.

پێموایـە ئەمانـە هـیچ پەیوەنـدی بـەوەوە نیـە کـە دەمـەوێت باسی لێوە بکـەم ئەگەرچی گرنگـی خـۆی هەیـە لـە ئاشـکراکردنی ڕێـڕەوی درووسـت بـوونی ڕووداو یـاخود بەسـەرهاتەکەدا لەگـەڵ ئەوەشدا ناچمە وردەکاری سەفەر کردنەکەوە کە دڵنیـام ئاساییە وەك سەفەری زۆر کەسی تـر.لەبـەر ئـەوە واز لـە باسـکردن یـاخود وەسـفی کەسـەکان و سـیمایان و چـۆن دەدوان,چـیان لەبـەردا بوو,ڕەنگی شەمەندەفەر و...دەهێنم.بەکورتی لـە ژووری فارگۆنی شەمەندەفەرێکدا ئێوارەیـەك شـەش کـەس بـە ڕێکـەوت کۆدەبنـەوە کە دوانیان غەریبن و هێشتا بەتـەواوی سـەر لـە زمـانی ئـەوانی تـر دەرناکەن . یەکێکیش لەو دوو غەریبە من بوو نەوەك کەسێکی تـر یاخود کەسایەتییەکی ئەندێشەیی چیرۆکنووسێك.

دوای ڕۆشـتنی شـەمەندەفەرەکە و چـوونە شـەوەوە(ئەمـە هەسـتێکە تایبـەت بـەخۆم بـوو بـەوەی وای بـۆ دەچـووم کـە شەمەندەفەرەکە هەم بە شوێن و هەم بـە زەمەنیشـدا بڕوات).چوار

کوڕە گەنجەکە لە نێوان خۆیاندا قسەیان دەکرد.لە شێوازی قسەکردن و سیمایاندا وا دیار بوو کە ئەوەی لەبارەیەوە دەدوێن زۆر جێگای بایەخیانە چونکە دیاربوو لە بارەی فیلمێکی توندو تیژی یاخود کچێکی هاوڕێیانەوە نادوێن.پاشان هیچ گوێیان بە ئێمە نەدەدا,لەوانەیە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە وای بۆ بچن ئێمە هیچیان لێتێناگەین.هەرواش بوو بەڵام شەوی وەڕسی ناو شەمەندەفەرێکی کۆن ناچارت دەکات خۆت بە سادەترین شتەوە سەرقاڵ بکەیت تا وەڕسی و دەنگی بێزارکەری شەمەندەفەرەکەی پێبکوژیت.ئەوەبوو هەریەکەمان لای خۆیەوە سەرنجی لە چوار کوڕە گەنجەکە دەداو خۆمان بە گوێگرتن لەوان خەریك دەکرد تا هەریەکێکمان هەستی بە هیلاکی کرد و لە جێگای خۆی نووست.بەڵام ئەو ماوەیە کەم نەبوو کە گوێمان لەوان گرت ,پاشان من بە گومانم لەوەی ئەو شەوە توانیبێتم بنووم ,بەوەی خەیاڵم لای ئەو چوار کوڕە گەنجە و قسەکانیان بوو کە زۆر سەرنجیان ڕاکێشام.

ئەوەی لێیان تێگەشتم یاخود ڕاستتر ئەوەی قسەکانی ئەوان لە مندا دروستیان دەکرد,بەو پێیەی من لە زمانی ئەوانم نەدەزانی جگە لە چەند وشە و دەستەواژەیەك کە شایەنی ئاماژە پێدان نیە,ئەویش لە ڕێگای دەنگی وشە و ڕستەکانیانەوە کە وایدەکرد وێنای بابەتێك بکەم بێئەوەی دڵنیابم لە ڕاستی ئەو ئەندێشەکردنەم ,پاشان نەشمدەتوانی لە ناڕاستیشی دڵنیابم.ئەوەی گرنگە بیڵێم ئەوەیە کە لێرەدا و لە گوێگرتن لە ئاخاوتنی ئەواندا هەموو تایبەتمەندی و جوانکاریەکانی زمان لە

ئیدیۆم و خوازه و ..تیادەچێت بەو پێیەی من گوێم لە دەنگ یاخود مۆسیقای وشەکان دەگرت نەوەك ماناکانیان.

بەهەر حاڵ دەتوانم بڵێم ئەوان دەستەیەکی نهێنی بوون کە لەو گۆشەگیریەی تێیدا ژیاون, ئومێدیان رزگار کردنی جیهان بووە ئەمانەش لەو نامە زۆرانەدا ئاشکراکراوە کە بۆ یەکتریان ناردووە و دەتوانرا وەك ئەرشیفی دەستەیەکی لاهوتی سەیر بکرایە ئەگەرچی پەیوەندیان بە هیچ بابەتێکی رۆحانی یاخود خوداوە نیە.یەکێکیان باسی لە سووتاندنی ئەو نامانە دەکرد بێ ئەوەی دڵنیابم لەوەی بەو کارە هەستاون یاخود دەبێت لە داهاتوودا پێی هەستن.ئەو کورەی لە گۆشەی بەرامبەرم دانیشتبوو کە وا دیاربوو بە تەمەنترینیان بێت,وتی:

–وەك دەبینن ئێمە دوای ئەو چەند ساڵە لە گۆشەگیری دەبێت بگەڕێینەوە ناو ژیان و تێبگەین کە بە رۆحی جیهانییانەوە ,نەوەك گۆشەگیری,جیهان رزگار دەکرێت..

من دەمزانی هەر چۆن پێشم وایە ئەوانیش هەر وایان وتبێت کە ئەو گۆشەگیرییەی باسیان دەکرد بریتی بووە لە ژیانی ناو دەستەکە نەوەك ئەو تەنیاییەی سۆفیەك یاخود بوودایەك و خەڵوەتنشینێك هەوڵی بۆ دەدات چونکە ئەوان تەنیا نەبوون ئەگەر تەنیایی بە (یەك)تێبگەین.پاشان بەپێی ئەو قسەیەی ئەو هەموو خۆ ئالاندنێك لە (کۆ)وە بریتیە لە گۆشەگیر بوون,بە پێچەوانەی ئەوەی بۆیدەچین,وەك ئەوەی ئەو خۆدابڕانە بە سیماو ئایدیایەکی دیاریکراوەوە خۆ جیاکردنەوە بێت لە (کۆ)یەکی تر و درووستکردنی تاکێتیەکی تر بێت کە تاکی نیە.دەشێت لەبەر

کردنی جۆرێك جلوبەرگ یاخود پەیوەست بوون بە دەستەیەکی دیاری کراوەوە چوونە ناو ئەو بازنە سیحریەی گۆشەگیری بێت.کاتێك هندییەکی سوور جۆرە رەنگ و کڵێشەیەکی تایبەت بەکار دەهێنێت لە رەنگ کردنی دەموچاویدا یاخود پۆشاکی فیرعەون و..رێگایەکە بۆ گۆشەگیربوون هەرچۆن لە مانا فراوانەکەیدا خۆی لە سنوورەکاندا دەبینێتەوە.بەڵام لەوانە ترسناکتر ئەو خۆگۆشەگیرکردنەیە کە لە رێگای زمانەوە پێیهەڵدەستین.مانەوەی ئەم جیاوازییەش سیفەتێکی ئەبەدیانە دەداتە گۆشەگیربوون و دەرچوون لەو بازنە سیحریە ئاستەم دەکات.ئەگەر هاتینە سەر ئەو باوەڕی کە زمان مانای فکرە ئەوا دەستە نهێنی و ئاشکراکان دەبنە خەڵوەتگا.بەڵام ئەمە شتێك بوو کە ئەوان لەبارەیەوە نەدوان بەڵکو زیاتر لەبارەی ئەو نەخشە سەیرەیانەوە دوان کە بۆ رزگارکردنی جیهان هەیانبوو لە چەوساندنەوە.یەکێکیان وتی:

-درەنگ بەوە گەشتین کە ژیان تەنها لەسەر نەخشەکان یەك رەنگ دەکرێت.

من وا هەستم دەکرد ئەو زۆر شتی تری باس کردبێت بەڵام ئەوەندەی من بێتەوە یادم ئەوە بوو کە ئەو لەبارەی ئەوەوە دوا کە بەتەنها بیرکردنەوەیەك مەحاڵە ژیان رەنگ رێژ بکرێت هەرچۆن ئاڵای یەکێتی سۆڤیەت هەیبوو(ئەو بە روسیا ناوی برد) کە رەنگی سووربوو لە کاتێکدا دەبوایە ئاڵاکەی هەموو رەنگەکانی لە خۆ بگرتایە.بەڵام تەنها رەنگێك جگە لە خوێنڕشتن هیچیتر نابەخشێت.

ئەگەر بەم شێوەیە دانیشتنی ئەو شەوەم بگێڕمەوە ئەوا من دەبمە راڤەکەری قسەکانیان ئەمەش مەبەستی من نیە .بەڵکو دەمەوێت ئەوە بنووسمەوە کە ئەو شەوە لە رێگای قسەکانی ئەوانەوە پێی گەشتم و هەستم پێکرد.

لەوە دەچوو ئەوان زۆر لەبارەی ئەو رۆژگارەوە قسەیان کردبێت (هەڵبەت بە جۆرێك لە رەخنە لە خۆگرتنەوە)کە تێیدا دەیانوویست جیهان بگۆڕن.بەلاّم دیاربوو ئەم گۆڕینە کێشەی نێوانیان بوو چونکە زۆر لەسەری دوان .یەکێکیان رای وابوو گۆڕینی جیهان قسە هەڵناگرێت بەلاّم دەبێت جیاواز لەوسا بیری لێبکرێتەوە چونکە ژیان بۆ خۆی لە مەترسیدایە.دیاربوو ئەم قسەی لەبارەی رزگارکردنی ژیانەوە دەکرد,یەکێکیان بە پێکەنینەوە وتی:

–دەڵێی لە بیرت چوو کە رزگار کردن وەك ئێوە باسی دەکەن تەنها کاری پیاوە ئاینیەکانە,جیاوازی منیش بۆ ئەو قسانە ئەوەیە کە من سالاّنێك بە ناوی شۆڕشەوە بیرم لە رزگارکردنی کردۆتەوە تا دواتر بۆم ئاشکرا بوو کە قەشەیەکی بێباوەڕ و خاچم.

لەوێدا دیاربوو کەوتنە بەراورد کردنی جیفارا و ئەو قەشانەی خۆیان دەدایە دەست رێگا تا بیانگەیەنێتە ناوچە دوور و سامناکەکانەوە کە مردن چاوەڕێی دەکردن,هەرچۆن جیفاراش وایکرد.ئەوەی قسەی دەکرد پێی وابوو ئەو راڤەکردنانەی بۆ ژیان دەکرێن لە ئاستی دوانەو سیانەکانی وەك چاکەو خراپە,ئیبلیس و فریشتە و هەر سێ رەهەندی مادە کە دواتر رەهەندی چوارەمیشی بۆ دۆزرایەوە کە زەمەنە و لەوانەشە لە ئاینەدەدا

ڕەهەندی پێنجەمیشی بدۆزرێتەوە,بچوکترن لەوەی ڕاڤەی ژیان بە هەموو ئاڵۆزییەکیەوە بکەن .

ئەگەر قسەیەك لە دانیشتنی ئەو چوار کەسە غەریبەوە گرنگ بێت بەلامەوە و حەزبکەم بینووسمەوە ,هەرچەندە بە درێژایی ڕێگا زۆر شتیان وت کە من ناتوانم هەموویان بنووسمەوە و لەوانەشە یادەوەری یارمەتیم نەدات ئەوا قسەی یەکێکیانە کە وتی:

–هەموو ئەو خەونانەی بەناوی جیهانەوە قسە دەکەن چارەنووسێکی ڕەشیان هەیە..

کاتێك لە شەمەندەفەرەکە دابەزین,دەبوایە ڕێگای ماڵەوە کە نزیکەی بیست خولەك دەبوو,بە پێ بېڕین.لەو ماوەیەدا ڕووم لە هاوڕێکەم کرد و لێمپرسی:

–پێت وایە بەدرێژایی ڕێگا ئەو چوار کوڕە گەنجە باسی چیان کردبێت؟

ئەویش وەك چاوەڕوانی پرسیارەکە بێت وتی:

–لە ڕێگاوە بیر لەوان دەکەمەوە چونکە ئەوان دەیانەوێت نەخشەیەك بۆ لەناو بردنی جیان دابنێن ئەوەش کارێکی ترسناکە بەلأم ئەوەی باش بوو ئەوە بوو کە لە تەقاندنەوەی شەمەندەفەرەکەوە دەستیان پێنەکرد.

بە پێکەنینەوە سەرم بۆ ڕاوەشاند و هیچم نەوت بەلأم لەو باوەڕەدابووم کە چەند غەریبی تر لەو شەوەدا گوێیان لەو چوار کوڕە گەنجە بگرتایە ئەوا هەریەکەو وێنای بابەتێکی تری دەکرد کە بە پێی ژمارەی کەسە غەریبەکانی ئەو زمانە ژمارەی بابەتە ئەندێشەکراوەکان درێژ دەبووەوە.

*        *        *

# لەوێ...لەبێکۆتایی ئێوارەیەکدا

کاتێک لە سەیر کردنی دوا هەرەم بوومەوە,لەو سەفەرە سەیرەی بە درێژایی تەمەنم بیرم لێیکردبووەوە و خەونم پێوە دیبوو,هەوڵمدا دوا وێنە لەو شوێنەدا بگرم ئەویش بە جۆرێک کە دەرگای هەرەمەکە و بەشێکی دیوارەکەی دەربکەوێت.ئەوەبوو

پاش ئەوەی ماوەی دووری کامێراکەم دیاریکرد,بەڕێبەرەکەمم وت وریابێت لە گرتنی دوا وێنەیدا.

دوای ئـــەوە کـــاتێکی زۆرم بـــە دەســـتەوە مایـــەوە کـــە نەمدەویست بە دووبارە گەڕان و سەیرکردنی هەرەمەکە بیکوژم نەبادا سیحر و سەیریی ئەوەی دیبووم ,بکوژێت .چونکە شتەکان لـە یەکـەمجاردا نـا ئاسـاین.هەربۆیـە رووەو بیابانەکـە لەسـەر تەپۆلکەیـەك دانیشـتم.لەوێـدا هەسـتم کـرد بیابـان قووڵییـەکی بێکۆتـایی پـڕ چـێژم تێـدا دەخولقێنێـت هەرچـۆن هەرەمـەکان دەیانبردمەوە ناو رابووردویەکی ئەفسووناوییەوە.

لەناکاو رێبەرەکەم کە لە نزیکمەوە دانیشتبوو,بێئـەوەی لـە نائاسایی شتەکانی دەورماندا بژی,وتی:

-دەزانیـت تـۆ ئـەم سـەفەرە دوورەت کـردووە بـۆ ئێـرە ناکرێـت شۆێنێك لە کیس خۆت بدەیت و نەیبینیت...

من وای بۆچووم ئەو هەوڵبدات بۆ ماوەی چەند رۆژێکی تـر لەگەڵمـدا بمێنێتـەوە,بـەو پێیـەش لـەو پارەیـە زیـاتری بـدەمێ کـە لەسەری رێکەوتبووین,هەربۆیە بە ساردییەوە وتم:

-چەند دوورە..؟

-دووری ئەو نازانرێت تا نەیگـەیتێ..کەسـیش نـەیتوانیوە دیـاری بکات .بەڵام ئەوەندە دەزانرێت کە لە ناو بیابانەکەدایە..

لەگەڵ قسەکانیدا دەستی بۆ لایـەك راکێشـا کـە مـن گـرنگیم پێنەدا.بە پێکەنینەوە وتم:

–ئەو شوێنە کە ئەوەندە سەیرە, دەبێت ناوی چی بێت؟
–ئـەو تـا ئێسـتا بـە هـیچ ناوێکـەوە بـانگ ناکرێـت..تەنانـەت ناتوانرێت ناوی لێبنرێت..

وایبۆچووم ئـەو هەوڵبـدات جـۆرە فێڵـێکم لەگـەڵ بکـات کـە نەمدەزانی چیە,ئەگەرچی نەمدەتوانی وای بۆبچم کە کاری خراپم بەرامبـەر بکـات بـەڵام ئـەو تەمومـژەی لـە قسـەکانیدا بـوو کـەمێك نائـارام یـاخود بێزاریـان دەکـردم.تووڕەییـەك لـە قسـەکانمدا بـوو کاتێك پێمووت:

–کەواتە گرنگی ئەو شوێنە چیە کە دەتەوێت من ببەی بۆی..
ئەو هەوڵیدا هێمنم بکاتەوە, وتی:
–لـە هـەموو بارێکـدا بڕیـار لای تۆیـەو دەتوانیـت نەچـیت.بـەڵام باوەڕبکە ناکرێت باس بکرێت..

ئـــەو دەیویســـت دڵنیـــام بکـــات,منـــیش لەبـــەردەم ئـــەو دڵنیاکردنەیـدا خـۆم گێل نـەکرد بەڵکو بڕیـاری سـەفەرمدا چونکە دەمتـــوانی چـــەند رۆژێکـــی تـــر بمێنمـــەوە.پاشـــان وای بۆچـــووم سەفەری ناو بیابان زۆری نەوێت جگە لە هیلاکی بە تایبەت کە وا هەست دەکەیت لەگەڵ خۆردا رووبـەڕوویت.ئـەوەبوو رۆژی دوایـی بەرەو ئەو شوێنە رۆشتین کە نەدەزانرا کوێیە و دەکەوێتە کوێوە.

عەسـرێکی درەنـگ پـاش رۆشـتنێکی بێوچـان کـە بـۆ مـن زەحمـەت بـوو بـەوەی هەسـتم دەکـرد بـە رێگـای دۆزەخـد دەڕۆیـن

,تارمـایی شـوێنێك بـەدەر کـەوت کـە ڕێبەرەکـەی وا لێکـرد بـە خۆشحاڵییەوە بڵێت:

-دیارە بەختمان هەبوو ..لەوە دەچێت زوو دۆزیبێتمانەوە..

لەو قسـەیەی سەرسـام بـووم بـەوەی وای دەگەیانـد کـە ئـەو شـوێنە لـە خـاڵێکی دیـاریکراوی بیابانـدا نـەبێت ,هەربۆیـە دووریەکەشی نازانرێت.پێمووت:

-پێتوانییە ئەوە شوێنێکی چۆڵکراوبێت؟

-هەرکەسێك بۆ یەکەمجار دەیبنێت وایبۆدەچێت بەڵام..

قسـەکانی تـەواو نـەکرد.لـەو ماوەیـەدا بـیرم لـەو بڕیـارە شێتانەیەم دەکردەوە کە چۆن کوێرانـە خـۆم دایـە دەسـت ڕێگـای شوێنێك کە نەدەزانرا کوێیە و چەند دوورە کە دەشیا ڕێگا هەڵـە بکەین و لـە تینوانـدا بمرین یـاخود بکەوینـە بـەر بـەزەیی چەتەی خێڵـە بیابـان نشـینەکان.بەهـەر حـاڵ نـەمردین و گەشـتینە ئـەو شوێنەی ڕێبەرەکەم تامەزرۆ بوو پیشـانم بـدات بـەڵام کاتێك نزیـك بووینەوە نەمتوانی سەرسامی خۆم بشارمەوە بەوەی هیچ شتێکی نائاسـایم لـەو شارۆچـکە وشـك و تینـوەدا نـەبینی تەنانـەت شوێنەواری دیوارێکی کۆن یاخود پەرستگایەك نەبوو ..ڕووم لە ڕێبەرەکەم کرد و وتم:

-لـەوە دەچێت ڕێگـات هەڵـە کردبێـت چـونکە لـەم شـوێنەدا هـیچ شتێکی نائاسایی نیە..

بەڵام ئەو بێئەوەی سەیرم بکات وتی:

-هەموو لە سەرەتادا وا دەڵێن..

وای بۆچووم ئەو بێویستی خۆی ئەو قسە تەمومژاویانە بکات .پاشان دیاربوو کە من یەکەم کەس نەبووم بەو ڕێگایەدا بیبات.کە گەشتینە ناو ماڵەکان زۆر لەوەدەچوو کەسی تێدا نەژی یاخود من وا هەستم کرد بەلأم ئەو پێیوتم کە بەرەو بازاڕی شارۆچکەکەم دەبات کە لە راستیدا تەنها گۆڕەپانێك بوو.من تا ئەو کاتە لەو باوەڕەدا بووم کە سەفەرێکی کوێرانەم کردووە بەوەی هیچ شتێکی نائاساییم نەبینی.وەك ئەو وتی گەشتینە گۆڕەپانێکی فراوان کە خەڵکێکی زۆری لێبوو بەراورد بەو شارۆچکە بچووك و دوورە.لەوێدا خەڵکێك هەبوو کە بەو کەپرانەی لە پارچە قوماش درووستیان کردبوو خۆیان لە گەرما دەپاراست و بە دەوریشیاندا کەسانێك هەبوون کە بە جلوبەرگیاندا دیاربوو وەك من غەریبن .

بە ڕێبەرەکەمم وت:

-ئەو هەموو ڕێگایەت بە من بڕی تا بمهێنیتە ئەم شوێنەوە کە جگە لە بازاڕێکی مردوو هیچیتر نیە بەوەی هیچ کەلوپەلێکی دەگمەن و نا ئاسایی لێنیە..

ڕێبەرەکەم وەستا و وتی:

-ئێستا دەتوانم پێتبڵێم کە ئێرە شارۆچکەی حیکایەتخوانە ئەزەلیەکانە و وەك دەبینیت خەڵکی غەریب لە زۆر شوێنەوە دێن تا گوێ لە چیرۆکە سەیرەکانیان بگرن.

به سەرسامییەوە وتم:

–ئەو ڕێگا دژوار و سەختە دەبڕن تا گویٚ..

نەیهێشـت قسـەکانم تەواوبکـەم ,بـەرەو یـەکێك لـەو پیرانـە ڕۆشـت کـە لەسـەر زەویـە لمیەکـە دانیشـتبوو و چـاوی بڕیبـووە ئاسمان.کە گەشتینە لای پێیوتم یاخود ڕاستتر ڕێنمایی کردم لای ئـەو پیرەمێـردە بمێنمـەوە کـە دواتـر زانـیم کـوێرە,بێئـەوەی بـزانم خـۆی بـۆ کـویٚ دەڕوات.کـاتێکیش پرسـیاری ئـەوەم لێکـرد کـە بەنیازە شـەو بمێنینـەوە,شـانی هەڵتەکانـد بێئـەوەی لـە مەبەسـتی تێبگەم.

پیاوە پیرەکە ,دوای ئەوەی ڕێبەرەکەم بە چپە لەگەڵی دوا و نەمتوانی لێیان تێبگەم,وتی:

–تۆ بەدوای چ حیکایەتێکدا دەگەڕێیت؟

پرسیارەکەی بەلامەوە سەیر بوو ,وتم:

دەبیٚ ئەوەت پێبڵێم کە ڕێکەوت منی هێنایە ئەم شوێنە کە بێئاگـابووم لـە بـوونی و ئەگـەر لـە بارەشـییەوە بمبیسـتایە ئـەوا نەمـــدەتوانی وێنـــای بکـــەم,ئەوەنـــدەی لـــە دەرەوەی شـــوێندا دەمبینی.تا نەشگەشتمە ئێرە ڕێبەرەکەم هیچی پێنەوتم.

–هەوڵبـدە نیگـەران نـەبیت چونکە زۆر کـەس کـە بـۆ یەکـەم جـار بێـرەدا تێدەپـەڕن وەك تـۆ سەرسـام دەبـن.پاشـان ڕێبـەرەکان لـە کارەکانیاندا زۆر کارامەن.

–بەڵام ئێرە کوێیە؟

–خۆت بەو پرسیارەوە سەرقاڵ مەکە چونکە تا ئێستا ئێرە لە دەرەوەی (ناو)دا دەژی,هەربۆیە زۆر کەس لەوباوەڕەدان کە ئەم شوێنە ئەندێشەکراوبێت و تەنها لە ئەندێشەدا بوونی هەبێت.

–بەڵام ئەندێشەی کێ؟

–دابەش کردن و ناونانی ئەندێشە کارێکی سەختە.بەڵام دەبێت ئەوە بزانیت کە مەبەست لە ئەندێشەی ئەوە.

هەوڵمدا بزانم مەبەستی لە (ئەو)کێیە بەڵام هیچی نەوت و بێدەنگ بوو.پرسیم:

–لەم شوێنە سەختەدا چۆن دەژین؟

–ئێمە بە وشە دەژین,روونتر پێتبڵێم ئێمە لەسەر گێڕانەوەی حیکایەت دەژین.ئەوانەش کە رێگای دوور دەبڕن تا گوێیان لێبگرن ئەمە باش دەزانن,ئەگەر چی هەندێکیان دێن تا لەبەرامبەر ئەو برە پارەیە یاخود دیاریانەی دەمان دەنێ ,حیکایەتەکانمان دەبەن و بە نوسراوی بلاویان دەکەنەوە.لەوانەش زۆر ناوی ناسراوی تیایە کە بە چیرۆکەکانین بە ناوبانگ بوون و دڵنیام دەیانناسیت.

–دیارە بە ناوی خۆیانەوە بلاویان دەکەنەوە ؟بەڵام چۆن رێگا بەم دزییە دەدەن لە کاتێکدا ئێوە لە پێناویاندا بەرگەی ئەم مەشەقەتە دەگرن و ژیانتان بۆ تەرخان کردوون؟

–دەبێت تۆ ئەوە بزانیت کە هەرگیز حیکایەتەکان نادزرێن چونکە هی هیچ کەسێك نین و هی هەموانیش نین بەڵکو ئەوان تەنها

موڵکی خۆیانن.پاشان ئەوان بە نووسینەوەیان دەیانکوژن چونکە ئێمە لە کردەیەکی بەردەوامی شێواندنی حیکایەتەکاندا دەژین کە چێژی ئێمەش لێرەدایە.

کەمێك بێدەنگ بوو,پاشان وتی:

–پێدەچێت تۆش یەکێك بیت لەوانەی بەدوای حیکایەتە سەیر و ئەندێشەییەکاندا دەگەڕێن بەتایبەت چەند هەوڵێکیشت لەم بارەیەوە هەیە..

من بەسەر سامییەوە لێم دەڕوانی بێئەوەی هیچ بڵێم.ئەگەرچی وای بۆچووم کە ڕێبەرەکەم شتێکی لەو بارەیەوە پێوتبێت.بەڵام کاتێك سەرسامی خۆی بەرامبەر دوو چیرۆکم دەربڕی کە یەکێکیان چیرۆکی(حەللاجێکی تر لە زمانی یەکێکی ترەوە)و ئەوی تریشیان(ئاگرو خۆڵ)بوو ,ناچاری کردم لێی بپرسم:

–تۆ چۆن ئاگاداری ئەوانەیت و بۆ ئەو دوو چیرۆکە؟

–ئێمە بەرپرسین لە حیکایەتەکان بەو پێیەی نهێنی یاخود رۆحی حیکایەتەکان لە دەستماندایە و دەبێت ئەوەش بزانین کە شێواندنەکان چۆن دەبن کە تۆ لەو دوو کارەتدا سەیر هەستاویت بە شێواندنی حیکایەتەکان.ئەمەش وا دەکات پێت بڵێم کە تۆ لەو دوو کارەتەوە بوویتەتە یەکێك لە ئەندامانی ئەم خێڵە کە کەسانی تری زۆر تێدایە .بەڵام هەرگیز بۆ یەکتر ئاشکرا ناکرێن تەنانەت ئەوانەش کە تۆ بەکارەکانیان سەرسامیت و لەو پەڕی دنیان.

-بەلاًم ئەی بۆ ئێرەتان هەڵبژاردووە؟

-چونکە هەموو شتێك لێرەدا هەستی بێکۆتایت پێدەبەخشێت تەنانەت ئەم ئێوارەیەی تێیداین .پاشان شتەکان لە بێکۆتابووندا یەکن.

دوای ئەو قسانە بێدەنگ بووین و ئەویش بە چیلکەیەك یاری بە خۆڵەکەی بەردەمی دەکرد.لەناکاو وتی:

-ئێستا پێمبڵێ تۆ بە دوای چ حیکایەتێکدا هاتوویت یاخود دەتەوێت چیت بۆ بگێڕمەوە؟

-تۆ لەبەردەم هەر حیکایەتێکدا چەند داوا دەکەیت؟

-ئەوە گرنگ نیە چونکە ئەوان بە پارە ناخەملێنرێن بەڵکو چێژکردنی تۆ بۆیان ئەوە دیاری دەکات.

-کەواتە خۆت سەربەستبە لە گێڕانەوەی هەر شتێك کە ئارەزوی دەکەیت.

-بەلاًم دەتوانیت وشەیەکم بدەیتێ تا لێیەوە حیکایەتێکت بۆ بگێڕمەوە.

لەو کاتەدا وشەی (ئاوێنە)هات بە خەیاڵمدا .ئەویش پاش کەمێك بێدەنگی,دەستی کرد بە گێڕانەوەی حیکایەتێك بەلاًم سەرەتا پێی وتم:

-سەیرە..ئێوە هەموو لە ئاوێنەوە دەست پێدەکەن..

کاتێك منیش لێم پرسی کە مەبەستی لە ئێمە کێیە,وتی ئەوانەی دەبنە یەکێك لە ئێمە.دوای ئەوە دەستی بە گێڕانەوەی

حیکایەتەکەی کرد کە هەوڵدەدەم نەینووسمەوە وەك ئەوانی پێش من کردوویانە.بەڵام سەیریی حیکایەتەکە ناچارم دەکات هەر ئەوەندە بڵێم کە ئەو لە بارەی کەسێکەوە بوو کە بەدەستی خۆی لە ئاوێنەدا دەکوژرێت ,بێئەوەی بچمە وردەکاریی تریەوە ئەویش لەبەر هۆیەك کە ئەوەیە من ناتوانم بەو شێوەیە بیگێڕمەوە کە ئەو کردی .پاشان گومانم هەیە کە ئەو شێواندنانەی لە کاتی گێڕانەوەیدا روو دەدات زۆر شتی حیکایەتەکە بکوژێت.

کاتێك لە گێڕانەوە وەستا رێبەرەکەم هاتەوەو داوای رۆشتنی لێکردم.منیش دوای ئەوەی ئەڵقە ئاڵتوونەکەم لە پەنجە داکەند و دامێ ,ویستم وێنەیەکی بگرم .بەڵام ئەو بە پێکەنینەوە وتی:

–خۆت ماندوو مەکە چونکە وێنە ئێمە ناگرێتە خۆی..

بێئەوەی هیچ بڵێم لەگەڵ رێبەرەکەم کەوتینە رۆشتن و وای بۆچووم کە شەوێکی سەیرم لە بەردەمدایە کە رێگای گەڕانەوە بوو.

لە ناکاو رێبەرەکەم وتی:

–دوای ئەوەی هەموو شتێکت بینی,دەتوانیت ناوێك بدۆزیتەوە بۆ ئەو شوێنە؟

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە سەرنجی بۆ کات راکێشام کە هێشتا لەو کاتەدا بووین کە گەشتبووینە ئەوێ وەك ئەوەی هیچ

کـــات تێنەپـــەڕیبێت و ئێمـــە لـــە ئێوارەیـــەکی بێکۆتاییـــدا بووبین.سەیری ڕێبەرەکەم کرد و پێمووت:

-ڕاستە ئەو شوێنە لە دەرەوەی شوێن و لەوانەیە کاتیشدابێت..

بەبێدەنگی ڕێگا سامناکەکەمان دەبڕی و بیرم لە پیرەمێرد و حیکایەتە سەیرەکەی دەکردەوە.

* * *

# برینێکی لەیادکراو

-کەواتە تۆ ئەو بوویت ؟

-نەخێر پێموایە ئەو من بووبێت.

ئەمە ئەو رستە جادوییە بوو کە ئەو رووداوە لای بەجێهێشتم کە دەمەوێت لەسەر شێوەی ئەو چیرۆکە کۆنانە بگێڕمەوە کە نووسەریان نیە یاخود راستتر نووسەرەکانیان لە رێگا دژوارەکانی رۆژگاردا ون بوون.کە ئەم کارەش دەکەم بۆ گەشتن بەو سادەییە نیە کە ئەو چیرۆکانە هەیانە ئەوەندەی گەڕانەوەیە بۆ ناو ئەو ئاڵۆزیە سەیرەی لە خۆیاندا حەشاریان داوە.لێرەدا نامەوێت ناوی هیچ یەکێك لەو حیکایەتانە بهێنم تا وانەزانرێت کە من پێویستم بە سەلماندنی ئەم قسانەم هەیە.

ئەوەی روویداو دەمەوێت بیگێڕمەوە ,دەگەڕێتەوە بۆ شەوێکی سەرەتای پایز کە لە تورکیا بووم .ئەو شەوە وەك زۆر شەوی تر چووم بۆ ماڵی هاوڕێیەکی ئێرانیم کە تەنها هاوڕێم بوو لەو تەنیاییە کوشندەیەی تیای دەژیام و ماڵەکەی دەکەوتە گەڕەکی(جامع کەبیر)و بەسەر گۆڕەپانی(دۆوە نوونوو)دا

دەیڕوانی.دەبوو پێشتر ئەوە بڵێم کە ئەو گەڕەکە دەکەوتە شاری (قەیسەری)یەوە نەوەك شارێکی تر لەوانەی کە دەشێت هەر نەمدیبن.

ئەو شەوە واڕێکەوت کە هاوڕێکەم میوانێکی لابێت کە پێشتر نەمدیبوو.گەنجێکی بالاّ بەرز,لە دەستیدا نیشانەی برینداریيەکی کۆن هەبوو(نامەوێت بە وردی وەسفی بکەم ئەگەر چی لە توانامدایە).وەك وتی ئەو لە شاری تەبرێز ژیاوە ئەگەرچی رەچەڵکی دەگەڕێتەوە سەر خێڵێکی کۆچەری ناوچەی سەردەشت و باپیری لەگەڵ ئەوەی تەمەنی لە بازرگانیی نێوان شارەکاندا بردۆتە سەر ,چەخماخسازێکی کارامە بووە.

ئەو شەوە وەك هەر بەیەکگەشتنێکی تر ,بە گێڕانەوەی بەسەرهات و قسەی خۆش دەستی پێکرد تا هاوڕێکەم ناچار بوو بە کارێك بڕواتە دەرەوە.کە پێکەوە ماینەوە قسەیەکیم بیر کەوتەوە کە پێشتر بە راگوزەری وتبووی.لێمپرسی:

–تۆ وتت باوکت کوژراوە؟

ئەویش بە ساردییەوە وتی:

–من نەمدیوە چونکە بۆ خۆم سێ مانگ و چوار رۆژ بووم کە وەك دەڵێن ئەو بە دەستی هاوڕێیەکی کوژرا.

ئەوەی ئەو وتی لە ناوەوە رایچڵەکاندم بەوەی هەر بە رووداوی کوژرانی باوکمی دەکرد,بەوەی بە دەستی هاوڕێیەکی

کوژراو منیش لەو کاتەدا تەمەنم سێ مانگ و چوار رۆژ بووە.ئەمە وای کرد بە ئارەزویەکی سەیرەوە بکەوینە قسە کردن.ئەو وتی:

-باوکم لەگەڵ دوو کەسی تر لە گوندێك مامۆستا بوو,بەیانیەك پاش ئەوەی ئەو دوانەی تر دەبێتە شەڕیان,یەکێکیان کە زیاتر هاوڕێی باوکم بوو ,دەمانچە دەردەهێنێت,باوکیشم دەستی دەگرێت ,لەو کاتەدا فیشەکێك دەردەچێت و بەر ناوچەوانی باوکم دەکەوێت.ئەم رووداوە لە(30-9-1349)کە پێموایە دەکاتە(9-11-1970)ی ئێوە.

بە سەرسوورمانەوە پێمووت:

-بە پێی رووداوەکە بێت ئەوەی باوکتی کوشت دواتر مامۆستاکەی تریش دەکوژێت و خۆشی لە سێدارە دەدرێت.

ئەویش هەوڵیدا یاخود من وا هەستم کرد کە بیەوێت سەرسامیی خۆی بشارێتەوە ,وتی:

-دروست وایە بەلاّم تۆ چۆن زانیت؟

-پێموایە ئەو رووداوە بە هەموو وردەکارییەکیەوە لەوەی باوکم دەچێت,هەربۆیە لەوە دەچێت ئەو دوو رووداوە یەکێك بێت کە لە دوو شوێنی جیاوازدا و لەیەك کاتدا روویاندا بێت .ئەوەی منیش وتم ,سەبارەت بە کوشتنی باوکم بوو نەوەك باوکی تۆ.

پاش کەمێك بێدەنگی ئەو وتی:

-کە باوکم کوژرا من و خوشکێکمی هەبوو ,بۆ خۆشی تاقانە بوو..

-دەزنم ئەو دوو ساڵێك لە تۆ گەورەتر بوو كە دواتر بەسەر منداڵەوە مرد و كوڕو كچێكی لەپاش بەجێما.

-راستە,شتەكان سەیر دووبارە دەبنەوە.پێموایە تۆش لەوە دەترسیت كە دوای خستنەوەی كوڕ و كچێك بمریت؟

پێمووت:

-تۆ واز لەوە بهێنە..لەو باوەڕەدایت ئێمە یەكێك بین؟

-نازانم بەڵام لەوە دەچێت كە زەمەنی ئێمە لە خاڵێكدا یەكتر ببڕێت یاخود دوو كەسی جیابین لە یەك ساتدا یان یەك كەس بین لە دوو شوێنی جیاوازدا كە وێنا كردنی ئەمە مەحاڵە.

هەوڵمدا بچینەوە ناو یادگارییەكانی منداڵی,هەربۆیە وتم:

-تۆ ئەو رۆژەت لە بیرە كە زانیت باوكت مردووە؟

-بەڕاست هەر دەڵێی ئێستایە ئەگەرچی بچوك بووم و هێشتا نەچووبوومە قوتابخانە.ئەو رۆژە زۆر گریام هەرچەندە نەمدەزانی مردن چییە .

-تۆش درۆیان لەگەڵ دەكردیت بەوەی دەیان وت باوكت لە سەفەرە و دیاری بۆ دەناردیتەوە كە لە راستیدا خزمەكانت دەیان كڕی؟

-لەگەڵ ئەوەشدا رۆژگارێكی خۆش بوو,ئەو ماوەیەی لە ماڵی نەنكم ژیام لە خۆشترین رۆژەكانم بوو .تۆ بیری میهرەبانی نەنك و باپیرت ناكەیت؟

-چۆن نا ..هەموو ڕۆژێك هیوا دەخوازم کە ئەو ڕۆژانە بگەڕێتەوە بەلاّم ژیان زۆر لەوە دڵڕەقترە.

-بەلاّم هەست ناکەیت بۆ ئازار چەشتن خولْقابین؟

-من تەنیایی کوشتمی.لەوەتەی هەم تەنیام ,وەك ئەوەی نەتوانم لەگەڵ ژیاندا هەڵبکەم یاخود جیهان لە شێوەی زۆرانبازێکدا ببینم کە بە (تەنیایی)لەگەڵیدا بجەنگم.

بێدەنگ بووین و لە یەکمان دەڕوانی,وەك ئەوەی نەتوانین باوەڕ بەم شەوە بکەین , هەر یەکێکمان بە کتێبێك دەچوو لە بەردەم ئەوی تردا,کتێبێك خۆی خۆی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی تر.

لەناکاو وتی:

-بەڕاست تا ئێستا هەر بیری خۆکوشتن لەگەڵتدایە؟

-پێم وایە ئەگەر ویستمان مانایەك بە ژیان بدەین ئەوا بە دانانی خاڵێکە بۆی نەوەك چاوەڕوانی مردن بکەین کە پێم وایە ترسناك نیە ئەوەندەی وەڕسکەرە.

دوای ئەوە گەڕاینەوە سەر زۆر شتی تری ژیانمان,ئەوانەی مردن ,ئەو کچانەی خۆشمان ویستن و پێیان نەزانین.بەدرێژی باسی قوتابخانەو مامۆستاکانم بۆ کرد.ئەویش منداڵی و گەڕەکی بەیاد هێنامەوە. باسی ئەو ژانە سەرەی کە پێمان وابوو رزگارمان نابێت لێی و ئەو ڕەشبینیە ترسناکەی ژیانی گرتووین.

ئەو پرسی:

–پێت وایە رۆژێك واز لەو رەشبینیە بهێنیت کە بەردەوام لەگەڵتدا گەورە دەبێت؟

–نا..ئەوە بۆتە خەسڵەتمان,پاشان گێلەکان گەشبینن چونکە ژیان بۆ خۆی تراژیدیایەکی گەورەیە وەك پیر بوون.

–هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم ببیتە ئەو پیاوە گوومناویە؟

دوای ئەوە بەدرێـژی لـەبارەی ئایـدۆلۆجیا و میتافیزیکـاوە دواین.ئەو پێی وابوو ئایدۆلۆجیا سەر بە گەشـبینیە و تـەنها یـەك رووی ژیان دەخوێنێتەوە.

ئـەوەی بەلامـەوە سـەیر بـوو ئـەوە بـوو کـەسمان لـەبارەی نووسینەوە نەدواین وەك ئەوەی ئێمـە ئەندێشـەمان جیاوازبێـت و تەنها رووداوەکان کۆمان بکاتەوە.

کاتێك لێمپرسی:

–بەنیازی چیت؟

ئەو لەسەر خۆ وتی:

–وەك دەبینیت لە تورکیا پەناهەندەم.

پاشـان باسـی ئـەو ژیانـە سـەخت و بێزارکـەرەی خـۆی بـۆ کردم.ئەو وتی:

–دەزانم چـەپەکان بێزاریـان کردوویـت بـەلاّم هەوڵبـدە لـە یادیـان بکەیت چونکە ئەوان تەنها شایەنی لە یاد کردنن.

منیش پێمووت:

–دەزانم..من لەگەڵ گەشبینەکاندا شەڕێکی دۆڕاو ناکەم.

تـا گەڕانـەوەی هاوڕێکـەمان و رۆشـتنم ,چـوووینەوە سـەر یادگارییە خۆش و ناخۆشەکانمان ئەگەرچی دەمزانی یادکردنەوە ئـازارم دەدات بـەڵام لەگـەڵ ئـەودا بووبووینـە ئاوێنـە بـۆ یـەکتر بێئەوەی کەسمان دڵنیا بێت لەوەی کاممان وێنەی ئەوی ترە.

ئەو وتی:

-دەبوو بە برینەکەی دەستمدا بمناسیتەوە..

لـە رۆشـتنمدا هاوڕێکـەم هەسـتی بـە شـتێك دەکـرد ,کاتێـك ویستی پرسیارم لێبکات,تێمگەیاند کە بەیانی هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم.

ئەوەبوو رۆژی دواتر هـەموو شـتێکم بـۆ هـاوڕێ ئێرانیەکـەم گێڕایـەوە کـە دیـار بـوو نەیـدەتوانی بـاوەڕ بکـات, لـە کۆتـایی قسەکانمدا پرسی:

-کەواتە تۆ ئەو بوویت؟

منیش لە بەردەم ئەو پرسیارەدا کـە دەیکردمـە وێنـەی نـاو ئاوێنەکە,وتم:

-نا..لەوانەیە ئەو من بووبێت.

ئـیتر نەگەڕامـەوە سـەر ئـەو رووداوە و دەمویسـت هـەموو شتێکی لە بیر خۆم بەرمەوە تا رۆژێك نامەیـەکم لـە رێگـای هـاوڕێ ئێرانیەکەمەوە پێگەشت کە ئەو پێش خۆکوشتنەکەی ناردبووی و ئەم چیرۆکەی لە ناودا بوو کە رێك هەر بەو دەستنووسـەی خـۆمی

دەکرد کە رۆژێك پێشتر نووسیبووم.ئەو کاتە زانیم بۆ باسی نووسینمان نەکرد.

لە نامەکەیدا وا دیار بوو کە ئەویش تا ئەو کاتە نازانێت کاممان وێنەی ئەوی ترە.

پاش ئەوەی بەراوردی هەردوو دەستنووسی چیرۆکەکەم کرد,بڕیارمدا ئەوی ئەو بڵاوبکەمەوە کە ئەمەیە ئێستا تۆ یاخود کەسێکی تر دەیخوێنێتەوە.

*          *          *

# کۆتاییەکی تر

هـەر جارێـك لـە خوێندنـەوەی ئـەم چـیرۆکە دەبمـەوە (کـە لێـــرەدا هەوڵـــدەدەم بیگێڕمـــەوە بێئـــەوەی ئامـــاژە بـــە نـــاوی نووســـەرەکەی یـاخود شـوێنی بڵاوکردنـەوەی بـدەم تـا ئەوانـە دڵخـۆش بکـەم کـە گـەڕان بـەدوای دزییـە ئەدەبییەکانـدا پیریـان دەکات) وا هەست دەکەم ژیان بازنەیەك بێت کە بێکۆتا بازنـەی لـە خـۆ گرتبێـت تـا دەگاتـە دوا بازنـە کـە لـە دەرەوەی چـێوەدایە و دەکرێت بە بازنـەی رەها نـاوی بـەرم کـە دیـارە زۆر لـە رۆژهەڵاتیـە کۆنـەکان خـەونی گەشـتنیان بـووە پێـی یـاخود ئـەزموونێکی سـەختیان هەیـە لـە گـەڕان بـە دوایـدا کـە لەوانەیـە زۆر کـەس بـە(نهێنیـە گەورەکـە)نـاوی بـەرێت کـە لای کیمیـا گـەرە کۆنـەکان ناوێکی تری لێنرابوو.دەشێت ئەو بازنە جادووییە زۆر بەو یەکەمین یاخود دوایەمین خەونە بچێت کە ژیـان سەرچاوەی لێـوە دەگرێـت بێئەوەی هیچ بوونەوەرێك بیبینێت بەڵکو ئـەو هـەر هەیـە و خـۆی سەرچاوەی خۆیەتی.

دەبێت ئەوە بڵێم کە لە نێوان چیرۆکەکە و ئـەم بۆچوونەمدا پەیوەندیەکی راستەوخۆ نیە بەڵکو ئەمە ئەو هەستە بوو کە لەگەڵ

خوێندنــەوەی ئــەو چــیرۆکەدا لام دروســت دەبــوو هــەر چــۆن گوڵـەباخی سـوور کـەوتنێکم بـەیاد دەهێنێتـەوە کە لـە منداڵیمـدا رویــداوە و بۆتــە هــۆی شــکانی دەســتم یــاخود کــە کتێبێکــی جێهێڵدراو دەبینم هەست بە تەنیاییەکی سامناك دەکەم.هەربۆیـە دەشێت ئـەوەی هەسـتی پێدەکـەم,جیـاواز بێـت لـەو شـتەی هەیـە هەروەك ئەو هەستەی لای تەیمووری لەنگ درووست دەبوو کاتێك سـەری جـەنگاوەر و دیـل و خـەڵکی ئـەو شـارانەی دەپەڕانـد کـە داگـیری دەکـردن و خـوێن لـە ملیانـەوە فیچـقەی دەکـرد وەك لـە یاداشــتەکانیدا نووســیویەتی,لەکاتێکــدا ئــەو دیمەنــە زۆر لــەوە سـامناك تـرە کـە هەسـتی خۆشـیمان تیـا بووروژێنێـت ,هەربۆیـە باسـی ناکـەم.تەنانـەت باسـی تـەیمووری لـەنگ خۆشـی ناکـەم کـە یەکێکـە لـە پیـاوە فەنتازییـەکانی مێـژو بـەوەی دەیویسـت جیهـان داگــیر بکــات(هەڵبــەت ئــەو جیهانــەی لــە ســەردەمی ئــەودا هەبووە)لەکاتێکدا ئەمە کارێکی سەیرە بەوە نـا کـە هـەموو شـیو و گـرد و دارسـتان و کـانی و مرۆڤێـك دەبێتـە مـوڵکی ئـەو ,بـەڵکو بەوەی تەمەن بەشی داگیرکردنی ئەو رووبەرە فراوانە ناکات کە بە جیهان ناو دەبرێت.هەربۆیە دەبێت ئەو بازنە جادوییە بە ئەندێشە داگیربکرێت.

چـیرۆکەکە باسـی لـە دەسـتەیەك دەکـرد کـە گـۆڕینی ئـەو کۆتاییـە چـاوەڕوانکراوەی جیهـان هەیـەتی کۆیـان دەکاتـەوە تـا کۆتاییــەکی تــری بــۆ دابنــێن جیــاواز لــەوەی هەیــە و هەســتی پێدەکـەین,لەگـەڵ ئـەوەی وشـەی (کۆتـایی)ئـازار بەخشـە بـەڵام ئــەمانیش نەیانــدەتوانی رێگــای لێبگــرن و بێتوانــابوون لــە

روونەدانیـدا .هەربۆیـە لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە (کۆتـایی)هـەر ڕوودەدات بـــەڵام دەکرێــت بـــەو شــێوە ئازاراویـــەی ئێســـتای نـەبێت.ئەمـەش وای دەکـرد وێنەیـەکی تـر بخـوڵقێنن جیـاواز لـەو وێنە کۆن و ئاساییەی جیهان هەیەتی.

ئەمـە هـەموو شتێك نیـە لـە ژیـانی ئـەو کەسانەی ویستیان جیهان بگۆڕن بەڵکو ئـەو دەرئەنجامـە سـەیرەی پێیگەشتن(وەك لـە چـیرۆکەکەدا هـاتووە )جیـاواز بـوو لـەوەی دەیانوویسـت,بـەوەی ئەوان بێئەوەی بیانەوێت چارەنووسی خۆیان گۆڕی نەوەك جیهان وەك ئەوەی جیهان ئەو بازنە بێچێوەیە بێت کە داگیرکردنی مەحاڵ بێت.ئەو هەموو شوێنێك بێت و هیچ شوێنێکیش نەبێت.ئەمە ئەو شـتە نائاسـاییەبوو پێیـان دەوت بازنـەی پـیرۆز و ناونیشـانی ئـەم چیرۆکە بوو کە من لێرەدا (کۆتاییەکی تر)م لە جێگای دانا.

لەبەر ئەوەی قسە کـردن لـەبارەی بازنـەی پـیرۆزەوە سـەختە بەوەی وەك قسە کردنە لەسەر(ڕۆحی مادە)ئـەوا دەکرێت لـەبارەی (کۆتایی)یەوە بدوێم کە هەردەم ڕەوشێك لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە بینینی جیهانە وەك بارستاییەکی یـەکگرتوو لـە کاتێکدا ئـەو زۆر دنیای جیاواز لە خۆی دەگرێت کە لە زۆر شوێن و کاتی جیاوازدا لـەناو چـوون و لـەناو دەچـن بێئـەوەی (ترسـە گەورەکـە)لەگـەڵ خۆیاندا بهێنن,ئـەو ترسـەی زۆر لـە پیـاوانی ئایینی و بیریارەکـان دەیانەوێت لە ناوماندا قوڵی بکەنەوە,هەر وەك مردنی ئاساییانەی مـرۆڤ و لـەناو چـوونی ڕەگـەزێکی دیـاری کـراوی ئـاژەڵ و مێـروو یاخود لەناو چوونی شارستانیەتی ئەزەتیك و ئەتلانتا کە ئـەمیان بە ئەفسانەیەکی ئەو کۆتـایی هاتنـە دەچێت یـاخود مردنـی زەوی

که له زۆر شوێندا بەدەر کەوتووە و (بە بیابان بوون) ناو دەبرێت و گەلێك کۆتایی تری ئەو جیهانە بچووکانەی لەگەڵماندا دەژین کە ئەو هەستەمان تێدا دروست ناکەن کە کۆتایی جیهان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت.

لە سەردەمی گلگامشدا جیهان لە جۆرە ئارامییەکی ئەفسانەییدا دەژیا و ترسی گەورە لە کۆتایی هاتن و سنوورداری مرۆڤ خۆی بوو کە وای لە گلگامش کرد ئەو گەشتە سەیرە بە دوای گیای نەمریدا بکات(ئەم گەشتە لەوە زانراو ترە باسی بکەم)تا مرۆڤیش پێبەپێی ئەو جیهانە بڕوات کە خۆی لە ئەبەدیەتەوە ئالاندبوو.ئاین و ئەفسانەکانی ئەو سەردەمە جۆرێك تێکەڵکاریان لە نێوان ئەم جیهانە و جیهانە نەزانراوەکەی تردا کردبوو کە دواتر بە (ئەو دنیا) ناو برا,ئەگەرچی ئەو جیهانە رووبەرێکی تەواو نەزانراو نەبوو بەوپێیەی کەسایەتی و خواوەندەکان دەیانتوانی لە نێوان ئەو دوو جیهانەدا هاتووچۆ بکەن کە(جیهانی خوارەوە)یەکێکیان بوو .بەڵام لەگەڵ هاتنی چەمکی (ئەو دنیا)و (رۆژی هەستانەوە)دا ئەم جیهانە خەسڵەتی کۆتایی بوونێکی نائومێدانەی پێوەلکێنرا و جیهانێکی تر لە پشتییەوە وێنا کرا کە بێکۆتایە و دەکەوێتە دەرەوەی ئەم جیهانە فانییەوە,تەنانەت (قیامەت)لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئامادەیی هەیە و ئەو زانا ئیفلیجە رایدەگەیەنێت کە تەمەنی لەسەر کورسییەکی کارەبایی دەباتە سەر و یەکێك لە کتێبە سەیرەکانی نووسیوە بە ناوی (مێژووی زەمەن)ەوە,ئەویش (ستیڤن هۆبکنز)ە.

جیهان ئاڵۆزی خۆی لەدەستدا.

ئەمــە یــەکێك بــوو لــەو رســتە تەمومژاویانــەی کــە ئــەو دەستەیەی لە ئێوارەیەکی پایزدا کۆکردەوە.

حەزدەکـەم واز لـە روونکردنـەوە و لێکدانـەوە بهێـنم تـا لـە بـارەی چیرۆکەکە خۆیـەوە بـدوێم کـە چـەند جارێـك بـە چـێژێکی زۆرەوە ,بێئەوەی بێزاربم لێی,خوێندوومەتـەوە هەرچۆن مەسـخی کافکـا یـاخود نـانی پێپـەتی محمـد شـوکریم خوێندۆتـەوە.ئەگـەر بشێ و لە تواناداببێت چیرۆك کورت بکرێتـەوە ئـەوا دەتـوانم بڵێم چیرۆکەکە ئاوا بوو:

دوای ئــەوەی تــرس لــە ژیــان و ئــەو کۆتاییــە ســامناکەی سەرەڕۆییەکانی مرۆڤ لەگـەڵ خۆیـدا دەیهێنـا,گەشـتە رادەیـەك کـە بێئارامی و رەشبینی ببێتە عادەت,وای لە چەند هاوڕێیەك کرد کە بیر لـە گـۆڕینی چارەنووسـی جیهـان بکەنـەوە بـەو پێیـەی کۆتـایی شــتێکی چــاوەڕوان کــراوە ئەگەرچــی دڵنیــا نــەبوون لــە کــاتی روودانــی.بــەڵام هەســت کــردن بــە (کۆتــایی) زۆر ســەختە و لــەناو ئەوانەی لە سێدارە دراون ئاماژە بەوانە دەکرێت کەپێش مردنیـان توانیویانە قسەیەك بکەن یاخود جنێوێك بدەن چونکە ئاسـان نیـە لەبەردەم ئەو کۆتاییە ترسناکەدا قسەیەك بکرێت.

لە ئێوارەیەکدا ئەو چەند کەسە گەشتنە ئەو باوەڕەی کە جیهـان ئـاڵۆزی خـۆی لەدەسـتداوە و هـەموو شـتێك بـەرەو ئـەوە دەچێت ئاسایی بێت و هیچ شتێك تووشـی سەرسـامیمان نـەکات جگـە لـە مـردن یـاخود کۆتـایی هـاتن خـۆی.لێـرەوە دانیشـتن و کۆبوونەوەی ئەو چەند کەسـە دەسـت پێدەکات ,بێئـەوەی هـەوڵی فراوانکردنی دەستەکەیان بدەن ئەویش لەو باوەڕەوەیە کـە ئەگـەر

ئەوان نەتوانن ئەو کارە بکەن ئەوا بە زۆرترین ژمارەش ناکرێت .ئەمەش یەکێك بوو لە بنەما سەیرەکانی ئەو دەستەیە لەپاڵ ئەو خەسڵەتە سەرەکییەی تریدا کە پشت بەستن بوو بە ئەندێشە و پێیان وابوو (بوون) لە ناوەوە سەرچاوە دەگرێت نەوەك لە کردارەوە.هەربۆیە دارێك ئەو کاتە بوونی خۆی بەدەست دەهێنێت کە ناوێك یاخود بۆچوونێك لەخۆی دەگرێت.ئەمەش ئەو گوناهە بوو کە مێژو فەرامۆشی کردبوو.

چیرۆکەکە لەبارەی دوا دانیشتنی ئەو هاوڕێیانەوە بوو کە جێگایەکی چەپەك و نادیاریان هەڵبژارد تا تێیدا سەرقاڵی رزگار کردنی جیهان بن.جگە لە کەلوپەلی تایبەتی و خواردن,ژمارەیەکی زۆر کتێب و ناوی کتێبیان لەگەڵ خۆیاندا بردبوو کە ناچاری کردبوون وەك مێزی نان خواردن و جێگای نووستن بەکاری بهێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئەوان دوو هەفتەیان دانابوو بۆ دانیشتنەکانیان,کەچی پێش وەخت گەڕانەوە.لەو ماوەیەشدا زۆربەی کاتیان بە قسە کردنەوە دەبردە سەر ,بە درێژایی ئەو چەند رۆژەی لە گۆشەگیریدا بوون(وەك لەچیرۆکەکەدا باسکراوە)ئەوان لەو باوەڕەدا دەبن کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەردەمی ئەفسانە وچیرۆکی پاڵەوانان و سەردەمی سوارچاکاندا,ژیان رووبەڕووی جۆرێك لە بێمانایی بووەوە .بەوەی نهێنیەکان کەوتنە بەر مەترسی ئاشکراکردن.ئەمەش وا دەکات پاڵەوان (ئەگەر هەبێت)سەرچڵی نەکات,چونکە سەرچڵی بۆ خۆی بۆتە یارییەکی کۆن.لێرەوە گەشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر رێگایەك هەبێت بۆ گۆڕینی چارەنووسی جیهان ئەوەیە کە

کتێبەکانی عەقڵ بسووتێنن و هەوڵبدەن لە جێگایان ئەو چیرۆکە ئەفسانەیی و ئەندێشەییانە بنووسنەوە کە جارێکی تر ویقار و کەرامەت بۆ دۆن کیشۆت بگەڕێنێتەوە بەو پێیەی ئەو(گاڵتە پێکراوترین پیاوی مێژووە).بەڵام کاتێك دەگەڕێنەوە سەر کتێبەکان دەبینن تەمەن بەشی سوتاندنی ئەو هەموو کتێبە ناکات کە بە هەموو گۆشەیەکی دنیادا بڵاوبۆتەوە.ئەم کارەش تەنها لە توانای خەیاڵدایە کە توانیان لە ڕێگایەوە جارێکی تر جیهان بخولقێننەوە کە کتێب و خشتی سوورەو کراو و..تێدا نەبێت و نووسینی هیرۆگلۆفیش پەی پێنەبردبێت.ئەمەش وای کرد مێژویەکی تر بۆ جیهانەکەمان بنووسنەوە.بەڵام ئەو جیهانەش لە مەترسی شەڕ و قەتڵو عامەکان بێبەری نەبوو,هەربۆیە یەکێکیان کە گەڕانی ناو کتێبەکان بێزاریان کردبوو,پێی وابوو ئەگەر سووتاندنی کتێبەکان مەحاڵ بێت ئەوا فەوتاندنی پارە (کەدە توانێت مێژو بگۆڕێت) لەو ئاسان تر نیە.دەکرێت جیهانێك وێنا بکەین کە(رامیاری ئەرستۆ و وانەکانی دیکارت و کتێبەکانی فرۆید و ...)تێدا نەبێت بەڵام ئاسان نیە جیهان لە دەرەوەی پارەدا ببینین.

دوو کەسی تریان کە زیاتر حەزیان لە شیعر بوو,پێیان وابوو کە کوشتنی زانست ئاسان ترین ڕێگایە بەوەی ئەگەر توانیمان بگەڕێینەوە سەردەمی کۆن و وابکەین,بۆ نموونە,فیساگۆرس گرنگی بە بازنە بدات نەوەك سێگۆشە ئەوا دەشێت ڕێڕەوی مێژو بگۆڕین کە دەبێتە مێژوی جیهانێکی تر نەوەك ئەم جیهانەمان کە لەسەر سێگۆشە وەستاوە.

لێرەدا چیرۆکەکە تەواو نابێت بەڵکو ئەوان بەدوای زۆر جیهانی تردا دەگەڕێن و زۆری تریش دەدۆزنەوە کە کۆتاییەکی جیاوازی لەم جیهانەی خۆمان هەیە.بەڵام ئەگەر کەسێك ئارەزوو بکات لەوەی بزانێت چیرۆکەکە بە کوێ دەگات ئەوا حەز دەکەم خۆم باسی ئەو کۆتاییە چاوەڕواننەکراوەی بۆ بکەم کە چیرۆکەکە هەیەتی,ئەویش ئەمەیە :دوای ئەوەی دەستەکە تووشی بێهودەیی دەبن لە ناو ئەو جیهانە زۆرانەی خوڵقاندویانە و ناتوانن مرۆڤی لێبکەنە دەرەوە بەوپێیەی(کێشە سەرەکییەکەیە)ناچار دانیشتنەکەیان تەواو ناکەن و دەگەڕێنەوە.بەڵام دوای ئەوەی چارەنووسی خۆیان گۆڕی بەوەی یەکێك لەوانە تا کۆتایی ژیانی دەکەوێتە سەر جادە و ژیانی پارە بەجێدەهێڵێت,یەکێکی تریشیان خۆی دەکوژێت و ئەوانی تریش چارەنووسیان لەم دووانە باشتر نابێت جگە لەوەیان کە بەکاری بازرگانییەوە ژیان دەگوزەرێنێت..لەودیو خەونەکانی ئەمانیشەوە جیهان بە هێواشی بەرەو کۆتایی خۆی دەڕۆشت.

*        *        *

# شەوی کوژراوە نادیارەکە

هەرچەندە دەزانم گێڕانەوەی ئەم بەسەر هاتە خیانەتە لە ڕووداوەکەی,بەوەی جیاوازییەك هەیە لە نێوان بیرەوەری و ئەو

شــتانەی رویــان داوە و دەمانــەوێت جــارێکی تــر بــە یــادی بهێنینــەوە.لەگــەڵ ئەوەشــدا مــن بــە گێڕانــەوەی ئــەم چــیرۆکە هەڵدەستم کە لەوانەیـە حەزکـەم بـۆ چـەند هاوڕێیـەکمی بگێڕمـەوە بەتایبەت ئاوات ئەحمەد(کە هەر بە کەسایەتییەکی ئەندێشەکراوی چیرۆکەکانم دەچێت)ئەگەرچـی نـازانم ئـەم چـیرۆکە دەبینێـت یـا نـا.یـاخود لەوانەیـە ئـەم چـیرۆکە بـۆ کـوژراوی رووداوەکـە خـۆی بنووسمەوە کە لـەو باوەڕەدام بە چێژێکی زۆرەوە دەیخوێنێتـەوە هەرچـەندە سـاڵانێکی زۆر بەسـەر ئـەو رووداوەدا تێپـەڕیوە کـە بـە رێکـەوت مـن و یـەکێك لـە بەشـدارانی رووداوەکـە هەوڵمانـدا لـە عەسـرێکی هـاوینی 1993 بـە یـادی بهێنینـەوە.بـەڵام پێموایـە پێویست ناکات باس لـەو رێکەوتـە بکـەم کـە چـۆن لـەو رۆژەدا دوا شایەتی ئەو شەوەم ناسی و بۆ جارێکی تر یادمان کردەوە.

دوای ئـەوەی بـە رێکـەوت لەگـەڵ(سـیروان)دانیشـتم کـە دوا بەشـدار بـووی ئـەو شـەوە بـوو,وەك هـەموو پیرێکـی تـر گەڕاینـەوە سـەر یادگاریـەکانمان و بـە شـەوقێکی زۆرەوە باسمـان لـەو شـتانە دەکرد کە تێیدا ژیاوین یاخود بیستوومانە ئەگەرچی بێبایـەخ و شتی ئاسایی رۆژانـەش بن.پێموایـە تـەنها ئێمـە وا ناکـەین بـەڵکو ئەمە خەسڵەتێکی ئەو بەڵایەیە کە ناوی پیر بوونە.لەو دانیشتنەدا بسی زۆر شتمان کرد کـە رویانـداوە وەك ئـەوەی تـەنها رابووردووو موڵکی ئێمە بێت و داهاتووش بۆ ئەوانی تر بێت.لـەناکاو سیروان حەزی کرد یادگارییـەکی بگێڕێتـەوە بۆم,منـیش وا خـۆم نیشـاندا

که ئارەزووم لە گوێگرتنیەتی چونکە دەمزانی ئەوە تەنها شتێکە کە پیرەکان دڵشاد دەکات.ئەو وتی:وابزانم دەوروبەری ساڵانی چل کە تازە شەڕ هەڵگیرسابوو,لە نزیك شاری بغداد یاخود شوێنێکی تر کە بەتەواوەتی نایەتەوە یادم, سەرباز بووم.ئەو ئەفسەرەی سەرپەرشتی سەربازگاکەی دەکرد,عەرەبێکی باڵا بەرز بوو,نازانم بۆ باسی ئەو دەکەم لەکاتێکدا هیچ پەیوەندی بەوەوە نیە کە دەمەوێت بیگێڕمەوە.بەهەر حاڵ وا رێکەوت شەوێکی هەینی هەموو سەربازەکان بمێننەوە و دانەبەزن بۆ ناو شاری بغداد.ئەوەبوو شەوێکمان بەسەر برد کە هەرگیز لە یاد نەکرێت.ئەو شەوە بە گۆرانی وتن و قسە لەبارەی شەڕەوە ,سەرقاڵ بووین کە لە راستیدا لە ترسێکی شاراوەوە بوو چونکە ئەوەی لەو شەڕە دەگێڕدرایەوە زۆر لەوە سامناك تر بوو بتوانین وێنای بکەین .پاشان ئەگەر بەشداربووینایە ئەوا نەدەزانرا بەرەو چ شوێنێکی نادیار و نەزانراومان دەنێرن.

به سەرسامییەوە وتم:

-سەیرە..دەزانیت منیش پێموایە شەوێکی وام دیبێت,بەڵام ئەو کاتە لە جێگایەکی دوور لە بغداد سەرباز بووم.

سیروان بە بێزارییەوە وتی:

-مەحاڵە,چونکە کەسێك لە بەشداربوانی ئەو شەوە نەماوە.بەڵام ئەگەر پێتوایە ئەو شەوە لەو شوێنەدا بوویت و بینیوتە ئەوا دەتوانیت پێمبڵێت چی روویدا؟

ئەوکاتــە وا هەســتم دەکــرد کــە رووداوەکــە خــۆی خــۆی دەگێڕێتەوە ئەویش لە رێگای منەوە.وتم:

–وەك دێتــەوە یــادم ئــەو شــەوە پــێش ئــەوەی رووداوەکــە روویدات,وای بۆ دەچووم کە پێشتر رووداوەکەم بینیبێت یاخود جارێکی تر لەو شەوەدا ژیابێتم,هەربۆیـە کـە روویـدا ئاسـایی بـوو بەلامـەوە.بەهـەر حـاڵ بۆخـۆت دەزانیـت لـە شـەوی وادا گاڵتـە و جدیەت تێکەڵ دەبێت,ئەوەبوو کوڕێکی منداڵکار,ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم ناوی سیروان بوو,گاڵتـەی لەگـەڵ سـەربازێکی تـر دەکـرد کـە بێـزار بـوو لـە شـێوازی گاڵتـە و قسـەکانی,ئـەوەبوو لـەناکاو پەلاماریـدا و خۆشـی نـەیزانی چـۆن چـەقۆکەی دەسـتی ئەوەنـدە توونـد وەشاند کە هەر لەوێدا سیروانی کوشت..

سیروان بە سەرسامییەوە وتی:

–راسـتە..ئـەوە ئـەو رووداوە بـوو ویسـتم بـۆتی بگێڕمـەوە.بـەلاَم سەیر ئەوەیە کە منیش ئەو شەوە وا هەستم دەکرد کە جارێکی تر لە شەوێکی وادا ژیابێتم.بەلاَم وەك بێتەوە یادم ئەو کوڕەی کـوژرا نـاوی سـیروان نـەبوو بـەڵکو شـیروان بـوو چـونکە مـن تـەنها نـاو سیروانی سەربازگاکە بووم..

منیش بە سەرسامییەوە وتم:

–باوەڕناکەم بە هەڵەدا چووبم چونکە من تەنها نـاو (شیروان)ی ناویـان بـووم.هەربۆیــە ئــەوەی کــوژرا ســیروان بــوو.بــەلاَم تــۆ لـەوباوەڕەدانیت کـە ئێمـە هـەردووکمان لـەو رووداوەدا بـووین و

دوای ساڵانێکی زۆر رێکەوتی یەك دەکەینەوە پاش ئەوەی یەکتر نەناسینەوە.

–نازانم,بەڵام ئەگەر وابێت ئەوا دەبێت یەکێکمان ئەو شەوە کوژرابێت کە ناکرێت من بووبێتم.

منیش بە سەرسامییەوە وتم:

–من لەو باوەڕەدام تۆ بیت نەوەك من کە هێشتا توانای بیرکردنەوەم ماوە.

ئەو بە گومانەوە پرسی:

–لەو باوەڕەدایت ئێمە یەکبین؟

هەوڵمدا بە هێمنیەوە پێیبڵێم:

–نەخێر ئەوە مەحاڵە ئەگەرچی سەیرە هەردووکمان لە یەك رووداودا بین کە لەوانەیە کەسمان ئامادەش نەبووبێت و یەکێك بێت لە داڵغە زۆرەکانی پیرێتی.بەڵام ئەگەر وانەبێت ئەوا دڵنیام کە یەکێکمان مردووین و ئەوی تریش وا هەست دەکات کە پێشتر رووداوی ئەو کوشتنەی دیبێت.

دوای ئەوە زۆر یادگاری ئەو ماوەیەمان گێڕایەوە(ئەوەندەی توانای یادکردنەوەیمان مابوو)کە هەردووکمان لە زۆربەیدا بووین.ئەمە وایکرد پاش کەمێك بێدەنگبوون بڵێم:

ئەگەر وابێت دەترسم تا ئێمە بە گومان بین لەوەی کاممان لەو شەوەدا مردووە,هەر وا بمێنینەوە و وەك ئەوانی تر نەمرین.هەربۆیە جارێکی تر رێکەوتی یەکترمان کردۆتەوە تا

کۆتایی بەو یاریە بێت و ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆمان ببینەوە کە لەبارەیەوە شتێك نازانم یاخود لەوانەیە ئێمە ناوێکی ترمان هەبووبێت و لە یادمان کردبێت.

دوای ئەوە لەیەکتر جیابووینەوە.

ئەمە ئەو ڕووداوە بوو سالآنێکی زۆر لەوەو بەر ڕوویدابوو کە بە ڕێکەوت یادمان کردەوە,هەر جارێکیش دەمویست بینووسمەوە شتێکی جیاوازی لێدەردەچوو,جیاواز لەوەی ڕوویداوە.دەشزانم ئەگەر هاتوو ئەم چیرۆکە گەشتە دەست ئاوات وەك ئەوەی حەزم کردووە بۆی بگێڕمەوە ئەوا لە خوێندنەوەیدا پێکەنینە سەیرەکەی دەیگرێت و بەدەم داخستنی ئەو کتێبەی ئەم چیرۆکەی تێدایە,ئەندێشەی ڕووداوێکی تر بۆ ئەو شەوە دەکات کە هیچی کەمتر نیە لەم ڕووداوە نائاساییە.پاشان بیر لە نووسەری ئەم چیرۆکە دەکاتەوە کە لەوانەیە کوژراوی ئەو شەوە بێت یاخود دوا شایەتی ئەو شەوە سامناکە بێت کە وای لێکرد تەمەنی زۆر لەوە زیاتر بێت کە بۆی دەچوو چونکە ئەو بە گومان بوو لە زیندوێتی یاخود مەرگی خۆی وەك ئەوەی مەرگ لەو کەسانە ببوورێت کە عەزابی گومان دەچێژن.

*        *        *